# هەست و هاوا

## بڕیارێک لە بابەت شیعر

## لێپێچێک شیعری بە کاکڵ و پێچۆڵ

نووسراوی : عبداللە احمدیان

مهاباد ۱۳۷۰

# هەستی هاوا

## بڕیارێک لە بابەت شێعر

## لێپێچک شێعری بە کاکڵ و پێچوڵ

نوسراوی : عبداللە احمدیان

مهاباد ۱۳۷۰

نام کتاب: هەست و هاوار
نویسنده: عبدالله احمدیان
ناشر: مؤلف
تیراژ: ۳۰۰۰
چاپ: پیام
تاریخ چاپ: پائیز ۷۰
حق چاپ محفوظ و مخصوص مؤلف است

## ((پێشەکی))

## «بِسْمِ اللّٰه وَ بِهِ نَسْتَعِین»

نازانم کێ لە کوێ کوتبوی ،کە((فیسار کەسیش ـ یانی ئەمن ـ کوڵێکی شیعری "بە قسەی وی" دڵگر و بە کاکڵ و بە تێخوڵ هەیە وە پیاو باشێکیش ! !کە لەوێندەرێ دەبێ "وە مەمنا **چاوی دەپەڕێ**" دەڵێ "بە ڕاستی ئەو ئاغایە، هەر ئەوەی مابو ،کە سەر و ملێکیش لە کۆڕی شاعیرەکاندا قوت کاتەوە! وە بە خوێی و بەکەچە پێلاوێکی ،شان بە شانی شاعیرە سوار چاکەکان ڕمبازێنی بکا وە تەقڵە داکوتێ! بە سر پێرێ دەرس وێژ و پێرێ خەت و میل نوس و دوێنێ نوسەر و مێژونوس بوو ئەوا ئەوڕۆش شاعیرە! وە ئەگەر نەمرین سۆزیش دەبینین کە لە مەیدانی کێ برکێی زۆرە بانیدا وەك تای تەوردا س ڕاوەستاوە وە دەڵێ منیش بۆ خۆم عەلی کلێکم !".

وە بەڵام زۆر بە داخەوە! هەر چەند ئەو پیاو باشە! چاکیش خۆی داگرتبو ،وە سێرە و چەفتەشی باش گرتبو ،ئێستاش تیری تانەکانی هەر بە سەری کردبو و زۆر دور لە ئامانجە کە تەپو تۆزی لە زەوی هەستاند بو ،وە ببوە هۆی ئەوەش ،کە یەکێك

له هونەر دۆستانی ئەو کۆڕە دڵی بۆ دیتنی من بزوێ، وە لە نەکاو دیتم لە خانوچکەکەی من وەژور کەوت ، وکاتێکی لە سیلەی سڵاو و چاکوخۆشیەکەی دا تەماشایەکی دار و دیواری خانوەکەو شڕ و شاڵاتی ماڵەکەی کرد ، وە ئەرخەیان بو کەخاوەنی ئەو ماڵ و حاڵە ناکرێ شیعری نەبێ ، پێی کوتم : "دەڵێن ئەتۆ کۆڵێکت شیعر هەیە دەی ، بۆ چی وە دەریان ناخەی هەتا لە چاپیان دەین ، وە وەدەستی خەڵکیان خەین ؟ "

عەرزم کرد : " جارێ ئەو شیعرانە کۆڵێك نین وە بەڵکو لویچێکن ، ئەویش برێکیان چونکە لە تافی شلکی و لاویدا کوترا ون ڕەنگەکانیان ڕەنگی ئێستام" کە گەیشتوم و چاخی لاویم بە جێ هێشتوە" ناگرنەوە ، و هێندێکیشیان زۆرتر فەقی یانەن ، نەك شاعیرانە !

وە لە باتی ئەوە ، کە لە جوانی و دڵگری و لۆرەی ژیان و مەی و مەیگێڕ و خۆشی و بێشی و کەیفو حەیفان باس بکەم ، لە دزێوی و دڵ ڕوشان و هاژەی ژان و زریکەی دڵان و زیانی سڕی و سەهندەی و شەڕە دندوکەی شەیتان دەگەڵ ئینسان ، باسم کردوە . وە لە جیاتی ئەوە باسی کچێکی چاردە ساڵە و قەشمەرە ، یان شۆڕە ژنێکی بۆشناغ بکەم ، باسی پیرێکی جل شڕو سەغیرێکی باب خنکاو وە هەتیوێکی بە تریشقە سوتاووم کردوە . وە لە باتی باسی گوڵ و بلبل و ئاسك و مەڕە کێوی ، باسی درك و داڵی دو بەرەکی و کوندی ماڵ کاوول بوو و گورك و مەڕی خۆماڵیم کردوە ، وە لە جیاتی ئەوە بە تاقی کیسراو کۆشکی فەرهاد هەڵ بڵێم و دڵ سوتاوەکانی شیرن و عەزراو لەیلا لە قەفی قافیە هاوێم تەنیا باسی کۆشکی خات زارایەم کردوە وە مەلەکەی

عیففەتــی کوردەواریم وە بەر چاو خستوە •

وە بە کورتی جگە لە پایزێك و دو بەهار وەیەك چەرمچەمانی سیغار! هیچ کام لە هونراوەکانم، شاعیرانە نین، وە لە نێو شیعراندا لە سەریان ناکەن، وە بۆ نێو خۆیان ڕێگایان نادەن •

وە بەڵام (دوبارە زۆر بە داخەوە) ئەو وڵامەش بە بڕو بیانــو داندرا • وە ئەو میوانە بەڕێزە، هەر بە بیستنی توفیری مەبەستــی ئەو هونراوانە، ئەوەندە ڕشــد بو وە تا ئەو رادە هەڵپێچــام و هەمو لایەکی لێ بڕیمەوە، کە ڕوگیر بوم، مەرجی دەگەڵ ببەستم کە ئەو نیو لوێچە شیعرە خڕ کەمەوە، وە بە ڕیکو پێکی بیاننوسمەوە ئەی بەشکو ڕۆژێکی چاپ بکرێن وە وە دەستی خەڵکی بدرێن •

وە هەر وا، ئەو پیاوە هونەر دوستە ــ لام وایە ــ لە کەلەبــەری قسەکانمدا سوسەی کرد بو کە ئەمن (( و بە قسەی کابرای گۆریــن! فیسار کەس )) لە بارەی شیعر و شاعیری، بیر و بڕوایەکی تایبەتیــم هەیە، بەو هویە ــ دوای ئەوە چاوێکی بە کتێبخانەکەدا گــێڕا وە کتێبە ئەدەبیەکانی وە بەر چاوی هاتن ــ پرسی: (( دەی فــلا ن کەس! بیر و بڕوای تۆ لە بارەی ئەو مەبەستانە چیە؟

( ١ ) شیعر چیە؟ وە کێ شاعیرە؟

( ٢ ) شیعر کەڵکی چیە؟ وە زیانی چیە؟

( ٣ ) شیعر کۆن و نوێ تەوفیریان چیە و کامیان باشترن؟

( ٤ ) شیعری شەپۆلی نوێ کە تازە داهاتوە چۆنە ؟

عەرزم کرد : " میوانی هونەر دۆست! مەشهورە لە کۆڕێکدا ئاوایان بە بلیمە تیکدا هەڵدەکوت کە: هەر چی لێیی بپرسی دەست بــە جێ وڵام دەداتەوە، وە هیچ پرسیارێکی بێ وڵام ناهێڵێتەوە! " •

میرزایەکی تیشکەڵە لەوێ بو کوتی: "جا ئەوە چیە؟ بە هەر چی چاك و پیرە، ئەمنیش ئەوندا هەم، هەر چی لێیان پرسیوم جوابم هەر داوەتەوە، وە هیچ پرسیارێکم بێ وڵام نەهێشتۆتەوە!"

سوفێکی زیتەڵەش هەڵیدایە وە کوتی: "ئاخر ئەوەش بڵێ کە ئەو وڵامانە لە چەندی چەندیان هەو بون" میرزاکە کوتی: "جا پیاوی بە ئینساف!! کوا باس لە سەر ئەوە بوکە وڵامەکان لە چەندی چەندیان هەو بن؟! باس تەنیا لە سەر وڵام دانەوەی پرسیار بو، ئەتۆ لە خۆڕا باسەکە خوار و خێچ دەکەی، وە دەت هەوێ دمبە بە من بکەی!!".

ئێستاش ئەتۆ ئەگەر وەکو سوفیەکە، بەرد و تەرازو دادەنێی وە وڵامی نیوە و نیوە چڵ وەر ناگری، ئەوا ئەمن لە ماڵە خۆم و ئەتۆش لە ماڵە خۆت، وە ئەگەر بە نرخ و دار و لەلەی مام میرزاشمان پرسیار لێ وەر دەگری، وە تەنیا وڵامی پرسیارەکانت دەوێ، ئەوە من هام لە خزمەتت دا".

پیاوە هونەر دۆستەکە، زەردە خەنەیەکی هاتێوو کوتی: "لە کورد ەواریدا، هەر وەکو خانە خۆی کۆتای ناکا، میوانیش پەلپ ناگرێ وە بەرد و تەرازو دانانی، و ئەمن تەنیا وڵامی ئەو پرسیارانەم لە تۆ دەوێ و پێشیان ڕازیم".

عەرزم کرد میوانی بەڕێز! بە درێژای مێژوو وە بە بەرینایی ژیان، وە بە قوڵایی بیر، لە سەر مانای شیعر و شاعیری پیلە و کێشە کراوە، و خودا بکەم (چهار مقالهٔ نظامی عروضی) وە (لُبابُ الألْباب محمد عوفی) وە (المُعْجَم قیس رازی) وە (اساس الاقتِباس نصیرالدین طوسی) وە (حدایق السِّحْر رشید وَطواط) ت خوێند بێتەوە، وە گوێت

لەو هەمو هەڵلا و بگرە بوبۆ کە لە سەر مانای شیعر و شاعیری وە حەوا کەوتون! وە هەر وا ئەو هەمو نوسراوانەی کۆن و نوێ کە هێندێکیان کەڵك و قازانجی شیعر و شاعیریان هەڵداوە و هێندێکیشیان زیان و مەترسی شیعریان هیناوەتە گۆڕێ، وە خۆشت دەزانی، کە لە نیو سەدە لەوە پێش و هەتا ئێستاش، لە بابەت ئەو مەبەستە کە شیعری نوێ لە گژ شیعری کۆن ڕاچوە و پشوی لێ بڕیوە! یان شیعری نوێ بە هەڵوگیڤێکەوە هات و زانی لە هیچ کوێ جێی نیە بوێ دەرچو! چ هەڵلا و گورەیەك لە سەرو گوێی خەڵکی هالاوە! وە بەڵام بەرژەوەندێکی کە ئێمە لە بابەت ئەو مەبەستانە پەسندی دەکەین بە تەرتیب بەو جۆرەیە:

الف: شیعر چیە؟ شیعر گڕو گریەی دلانێکە کە مەنجەڵی دڵی چەند ئینسانێکی دیکە، لە سەر کوانوێکی سێ کوچکە وەکوڵ دێنێ وە ئەو کوچکانەش بریتین لە:

کوچکی یەکەم: شعورێکی تایبەتی، و هەستو خوستو دیتن و بیستنێکی کە دەبێتە هۆی ئەوە شاعیر ڕەنگ و دیمەنی وادەبینێ وە بانگ و هاواری ئاوا دەبیستی، کە هەتا ئەو هاواری نەکردوە وە دەست نیشانی نەکردون، خەڵکی ئاسایی هەواڵێکی لەوان نەبوە وەکو ئەوە کە هەر ئەو دوربینی بە سەر چاوێوە بێ! وەهەر گوێی وی هەستو خوستی نهێنی ببیستێ!!

کوچکی دوهەم: دەزگایەکی یەگجار بە کاری بیرتاشین و چاو گۆڕین! کە شاعیرێك بە هێزی ئەو دەزگایە دەتوانێ دوکاران بکا، یەکەم دوربینی دیتنی خەڵکی بۆ دیتنی ڕاستەقینەکان ئەوەندە بە تین و گوڕم و قوچاغ بکا، کە حەق و ناحەق و چاکە و خراپە

به ڕەنگێکی یەکجار زەق و زیندو ببینن، دوهەم دوربینی دیتنی خەڵکی وەها سەرە و بن کەن کە شتی زۆر کەم و بڕیان بە زۆر و زەوەند وە بەر چاوی خەن! وە شتی زۆر نزیکیان بە دور، وشتی زۆر دوریشیان بە نزیك وە بەر چاوی بدەن! وە بە کورتی دەزگای دیتنی خەڵکی دەستکاری بکەن، وە وتەی مەشهوریش کە دەڵێ: "بێ گومان وتاری وا هەیە وەك کاری جادوو چاوبەستی دەچێ واتە چاوی دیتن دەگۆڕێ!" هەر ئەو مەبەستە دەست نیشان دەکا.

کوچکی سێهەم: هێزی داڕشتنی بیر و لە قالب دانی خەیاڵ، کە شاعیرێك بە جورێکی ئەوەندە هونەرمەندانە، ئەو بیر و خەیاڵانە دا دەڕێژێ و قالبەکانیان پێك دەگرێ و هاوتایان دەکا و جەمسەرەکانیان هاوڕەنگ و هاودەنگ دەکا، و شایانی بیستنیان دەکا کە ئەو قالبە پڕانە دەتوانن — بە بی بەرگێڕەوەی — لە ڕێی گوێوە، خۆیان بە ماڵی دڵەکاندا کەن! وە کۆڵی کاڵای خۆیان لە نێو ئەو دڵانەدا بە عەرزێ دادەن و کڕیارانێك خڕ و پچون کەن، کە لە لایەکی بە پێی کوچکی یەکەم، ئەو کاڵایانەیان تا ئێستا نەدیوە وە لە لایەکی دیکەش — بە پێی کوچکی دوهەم — چاویان بۆ ڕمێنی ئەو کاڵایە دەستکاری کراوە.

ئەوە بۆچونێکی خۆم بو لە مەڕ وڵامی ئەو پرسیارە کە شیعر چیە؟ وە لە ئاکامی سەرینج دان لە چلۆنایەتیە تایبەتیەکانی شیعر و شوێنەوارە سەر سوڕهێنەرەکانی شیعر، ئەو وڵامە بە دڵی مندا هاتوە و بەش بە حاڵی خۆم بە چاکی دەزانم و پەسندم کردوە، وە وڵامێکیش کە لە چەند کەسێکی دیکەم بیستوە "وەباڵ بە ئەستۆی

ئەو کەسانەی لیّم بیستون: ئەوەیە کە شیعر بریتیە لە هەڵبەزینەوە و وڵام دانەوەی ئادەمیزاد ،لە بەرابەری هۆیەکانی "عوامِلِ" دەرونی و بیرونی بەو مەرجانە:

یەکەم وڵام دانەوە ،بە وتار بێ ،دوهەم خەیاڵ تاشینی تێدا بێ، سێهەم ئاوێتەی عاتیفە یانی خۆشەویستی و بەزەیی ،یان ناخۆشەویستی و تورەیی و ڕق و هاژانی بیر و ڕاژانی بیرگە بێ. وە بۆ نیشاندانێکی باشتری ئەو وڵامە دەڵێین:

١ـ هونەرەکانی دیکە ،وەکو وێنەگەری ،پەیکەرەسازی ، نەققاشی میعماری وە بە تێکڕایی ئەوانەی پێیان دەکوتری "صَنائِعِ مُستَظرَفه" عاتیفە و خەیاڵ تاشینیان تێدایە/ بەڵام بە ووتار نین/.

٢ـ مێژو ((یانی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕابردو ،بۆ پەند لێوەرگرتنی داهاتوەکان)) کوتن ووتاری تێدایە بەڵام خەیاڵ تاشینی تێدا نیە.

٣ـ زانستیەکان وەکو فیزیك ، شیمی ، حیساب ، هەندەسە ، عاتیفەیان تێدا نیە ((دو دو دەبێتە چوار)).

بە کورتی لە هونەردا کوتن نیە ، وە لە مێژودا خەیاڵ تاشین نیە ،وە لە زانستیەکانی تاقیکاریدا ، عاتیفە نیە وە لە شیعرو ئەدەبیات دا هەر سێکیان هەن وە شیعر وتارێکی هونراوەیە کە ئاوێتەی خەیاڵ تاشین وعاتیفە بێ.

ب : شیعر چ کەڵکێك یان چ زیانێکی هەیە؟ وڵامی ئەو پرسیارەش ،ئەوەیە کە شیعر هەست و خوست و تین و گوڕمێکە کە وەکو هەمو شعور و دەستەڵاتەکانی دیکە بۆیە بە ئادەمیزاد بەخشراوە هەتا لە ڕێگای سەرکەوت و بەختەوەریدا وەکار بخری

وه باشترین کەڵکی لێوەر بگیرێ،وه بەڵام زۆر جاران ئینسانه بەد فەڕ و دو مۆرەکان،ئەو تین و گوڕمه به تەووژمه له ڕێگای کلۆڵی و چاره ڕەشی و ڕێ لێ ون کردنی خەڵکیدا وه کار دەخەن، وه زۆر دور نەڕۆین هەر وەکو گوڕم و تینی (( دینامیت )) که خودای میهرەبان له دڵی (( الفرد نوبل )) ی خست ،هەتا بۆ تەقینەوەی شاخەکانی سەر ڕێگاکان وه هەڵتەکاندنی کانگای بەرده مەعدەنیەکان وه کار بخرێ وه له ئاکامدا کارگەره ڕەنج کێشەکان له ئارەق ڕشتن و ڕەش و شین بونەوه ڕزگار بن و ڕەوڕەوەی ژیانێکی بێ مەراق له ئاسۆی ئاواتی چین و توێژی ئارەق ڕێژەکاندا وه دەرکەوێ که چی ـ به داخەوه ـ هێندێك له قوڵه فیتنەکانی ڕۆژگار هاتن،نه تەنیا ئەو هێز و گوڕمەیان له ڕێگای حەساندنەوەی ئینسانه شەکەتەکان تلاساند ،بەڵکو له سۆنگەی دروست کردنی بۆمبا له هێزی دینامیت ،چها شار و گوندیان کاول و کلێس کرد، و هەزاران جەماوەری ئارەق ڕێژ و زەحمەتکێشان قەڵت و پەڵت و سەقەت و کەڕ و وڕو کاس و کوێر و ماڵ وێران و ڕەبەنه ماڵ کرد !!

وه به بڕوای من گوڕم و تینی شیعر بۆ خۆش کردن و ڕێك و پێك کردنی ڕێگای سەر بەرزی وبەختەوەری و پەڕاندنی قورت و تەگەرەی ڕێگای ژیان،وه هەر وا بۆ بۆمباران کردنی بیر و بڕوا بەرزەکان و ڕوخاندنی خانوی ئاوەدانی هیوا و هومێدەکان،وه هەڵتەکاندنی پردەبازی گەیشتن به ئامانجەکانی ئینسانی،هەرگیز له گوڕم و تینی(( دینامیت )) شوینەواری کەمتر نیه .

که وا بو، گوڕم و تینی شیعرـ وەکو هەمو گوڕم و تینی دیکه ـ دەربەست و به تێکڕایی نه زیانبارە/ نه به کەڵکه، بەڵکو بەسته بەوەیه

که ئەو هێزو گوڕمە لە چ ڕێگایەکدا وە بۆچ ئامانجێك وەکار دەخرێ دا خوا بۆ سازکردن یان بۆ تێکدان یان بۆ سەرقاڵی و کەیف و خۆش ڕابواردن وەرێ دەخرێ ئەو دەمی دەتوانین بڵێین که ئەو شیعرانە بە کەڵکن یان زیانبارن یان خونساو بێ خاسیەتن ٠

وە بۆ ڕون بونەوەیەکی زۆرتری ئەو مەبەستە پێویستە بەشە جوراو جۆرەکانی شیعرو ئەدەب چاوێکیان ڕیخشێنین ٠

یەکەم بەشی حەماسی و غیرەت بزوێنی ، وەکو شانامەی فیردەوسی لە ئێران ، و هونراوەی ((ایلیاد)) ی هۆمێر بە زمانی یۆنانی ــ سەدەی هەشتومی بەر لە میلاد ٠

دوهەم بەشی غنائی یانی ئەو شیعرانەی کە شاعیرێك هەست و خوستی تایبەت بە خۆی لە ڕەنگی دەربڕینی خۆشەویستی ئەویندارانە یان تاڵی و ناخۆشی پیری و زورهانی و مردنی خۆشەویستان بەو شیعرانەوە دەردەخا وەکو زۆربەی قەسیدە و غەزەلەکان ٠

سێهەم شیعری شانۆیی (نمایشی) کە ڕوداوێکی بە ڕاستی یان داتاشراو ، لەو چەشنە شیعرانەدا وە بەرچاو دەخرێ وە ئوروپاییەکان بەو چەشنە شیعرانە دەڵێن ((رومانتیك)) وە بە سێ بەشی " تراژدی " : کارەساتنامە و " کمدی " : پیکەنین نامەو " درام " : تێکەڵ ، بەش دەکری کە نمونەی هەموان لە زمانی کوردیدا هەیە ٠

چوارم شێعری شوانانە کە بەو شیعرانە دەڵێن دیمەنە جورا و جورەکانی سورشت لە حەواو لە زەوی وە لە چوار وەرزی ساڵدا وە بەر چاو دەخەن وەکو گوڕەی هەور و توقینی کانی و گریانی حەوا و زەردەی سەر لێوی ڕوبارەکان و هاڕەی ئاو هەڵدێروهاژانی

چوٚم و ڕاژانی چیمەن و دیمەنەکانی دیکە.

پێنجوم شێعری فێرکاری: "تعلیمی" کە ئەو شێعرانەن زانستی و بیر و بڕوا و خو و خدە و ڕفتار و ئاکارە ناحەز و جوانەکان فێری خەڵکی دەکەن.

شەشوم: شێعری بەر بەرەکانی: "مُقاوِمَت یا مُتَعَهِّد" کە ئەو چەشنە شیعرانە لە ڕێگای بەر بەرەکانێ دەگەڵ ڕفتار و ئاکاری دزێو بە کار دەبردرێن؛ ((شعر مقاومت اخلاقی)) وەکو شێعرەکانی ((پروین اعتصامی)) و شێعرەکانی ((بوستان سعدی)) یان لە ڕێگای بەر بەرەکانێ دەگەڵ دەم و دەزگای ستەمگەران وە ماڕزەکانی ڕۆژگار وەکار بخرێن: ((شعر مقاومت سیاسی)) ئەو چەشنە شیعرانە تەمەنیان لە دو سەد ساڵ پتر نیە وە ((ولتر، ویکتور هوگو، مایاکوفسکی و ژان پل سارتر)) لە وڵاتە ڕۆژاواییەکان وە لە وڵاتی خۆشمان ((میرزادهٔ عشقی، دهخدا، مَلِك الشعرای بهار، اَدیبُ الممالك، شرف الدین حسینی (نسیم شمال) و فرخی یزدی)) و زۆربەی شیعرەکانی خوا لێخۆش بوو مامۆستا هەژار و هێمن و هەر وەها زۆربەی شێعرەکانی مامۆستا خالید خسامی بناغە دانەری ئەو چەشنە شێعرانە بون.

حەوتوم: دنیا بە فشە ڕابواردن ((شعر پوچ گرائی)) وەکو زۆربەی چوار خشتەکیەکانی خەییام وە ڕادەیەك لە شیعرەکانی "حافظ" "جهان و کار جهان جمله هیچ در هیچ است ــ هزار بار من این نکته را کرده‌ام تحقیق" (نقل از نقد ادبی صفحهٔ ۹ و ۵) پێویستە لێرەدا ئەو مەبەستەش دەست نیشان بکەین کە بە پیی توێژینەوەی چەند زانای سەر دەرچو، وەکو (عَلّامه مُحیط طباطبائی) ئەو چوار خشتەکیانە ئی شاعیرێکن کە نێوی ((علی)) وە شۆرەتی ((خیّام)) وە

خەڵکی خۆراسان بوە وە ئەو پسپۆڕی بە نێو بانگ و ڕیازی زان کە ناوی ((عمر)) بوە و شۆرەتی ((خیّامی)) بوە و خەڵکی ((نیشابور)) بوە فێری بەو چوار خشتەکیانەوە نەبوە .

نقل از((فلسفهٔ آفرینش صفحهٔ ۷۷))عبدالله نصری انتشارات دانشگاه علاّمه طباطبائی .

هەشتوم : شێعری جاڕزی و دڕدۆنگی((بد بینی)) ئەو شیعرانەی کە پەیامەکەیان ئەوەیە هەمو دنیا لە بەر چاوی خەڵکی بخەن و ژین بە ژان دانێن و دنیا بە زیندان و وا نیشان دەن کە ببڕا ببڕا خێر بە نێو چاوانی ئەو دنیایەوە نیە و کەم تا زۆر خۆشی لە دەستی هەڵناوەرێ نمونەی ئەو چەشنە شاعیر و ئەدیبانە((ابوالعُلیٰ مَعَرّیِ ، شوپنهاور، کافکا ،آلبرکامو وصادق هدایت))

ئەو جار دەگەڕێینەوە سەر بناوانی باسەکەمان و دەڵێین :

یەکەم شیعری" مقاومت چ اخلاقی چ سیاسی" بە ڕاستی شیعری چاکن وە لە ڕادە بە دەر بە کەڵك و بە قازانجن و"علاالدّین سجادی" لە مێژوی ئەدەبی کورد لاپەڕەی ۷۱ دا دەڵێ(( هەر بزوتنەوەیەکی کومەلایەتی/وسیاسی بێگومان لە هاژانی بیرگە/ و ئاژاوەی بیرەوە/ سەرچاوەی گرتوە/ و ئەو هاژان و ئاژاوەش ، یەکەم جار/ لە سەر زمانی شاعیر و لە سەر نوکی قەڵەمی نوسەرانن

دوهەم : شێعری دنیا بە فشە گرتن(( پوچ گرائی)) وە هەر وا ، شێعری دڕدۆنگی (( بد بینی)) یەگجار زیانبارن وە خەڵکی گێژ و کاس و وڕ دەکەن و ڕەورەوەی پێشکەوتی گەلانی جیهان خاو دەکەنەوە بریا ئەو چەشنە شێعرانە یاساغ بانایە یان هەر نەبانایە.

سێهەم شیعری شوانانە،وشیعری((غِنائی)) و زۆربەی شیعری

"نمایشی" تەنیا بۆ سەرقاڵی و تێپەڕکردنی وەخت و ڕابواردنــن/وە بەو هۆیە نە قازانجیان هەیە نە زیان بەڵکو خونسا و بێخاسیەتن

چوارەم: شیعری فێرکاری و شیعری حەماسی بــە پێــــی پەیامەکانیان قازانج و زەرەریان وە دەر دەکەوێ و بەستــە بەوەیـە کـــــە ئـــەو شیعرانە چ بیر و بڕواو ئاکارەیەك فێـری خەڵکی دەکەن و غیرەتی خەڵکی بۆ چ کارێکی دەبزوێنن؟ ئەگەر ئەو شیعرانە بیر و بڕوای دروست و خودا پەسەند/ وپەیامی کرداری ئاکارەی چاك ڕاگەیەنن وە خەڵکی بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان ڕاپەڕینن/ و خوێنی غیرەت لە شارەگەکانیاندا وەکوڵ بێنــن ،وە لافاوی شۆرش لە دڵەکاندا هەڵستێنن و خەڵکی بــە ئاواتــە خودا پەسندەکانیان بگەیەنن، بێگومان شیعری چاکن و کوتنیــان و لە بەر کردنیان و خوێندنەوەیان سەرتاپا قازانجە.

بەڵام ئەگەر بیر و بڕوای پوچەڵ و چەپا و چیر ڕاگەیەنــن وە دەرسی فیز و هەوا و خۆ هەڵ مساندن/ دا بدەن وە غرور و لەخۆ بایی بون و خۆپەرستی وە باو بخەن و بە کردار و ئاکـارە/، زۆر نرم بن و بە قسە و چاوو ڕاو خۆیان وە سەروی مانــگ و ڕۆژ و ئەستێرەکان خەن، ئەو چەشنە شیعرانە هەر وەکو کوتنیــان زیانی زۆرە لە بەر کردن و خوێندنەوەشیان یەگجار زیان بارە.

دەگەڵ سەرینجدان لەو مەبەستانە زۆر بە جوانی وە دەر دەکەوێ/ کە لە نێو هەر کۆمەڵێکدا ئەو کەسانەی دم ڕاستــن و دەستەلاتێکیان هەیە و خەڵك گوێ بۆ قسەکانیان ڕا دەگرێ نابێ سەبارەت بە شیعر خۆیان بێ تەفاوەت نیشان بدەن/ و نابــێ بڵێن بە مەچی هەر کەس هەر چەشنە شیعریکی دڵــێ یان

دەیخوێنیێتەوە/ بەڵکو دەبێ شاعیرەکان بۆ کوتن و خوێندنەوەی ئەو شیعرانە هان دەن/ کە خەڵکی بەرە و چاکی و پاکی و بیر ڕوناکی و خودا پەرستی و ئینسان دۆستی و پیاوەتی و ئازایەتی و بەر بەرەکانی دەگەڵ ستەم و زۆرە ملی ڕاپێچەك بدەن و کار و پیشە و زانستی و پیاوەتی و ئازایەتی لە بەر چاوی خەڵك شیرین‌تر بکەن و کوتن و خوێندنەوەی ئەو شیعرانە لە تەرکەمن یا ساغ بکەن کە خەڵکی بەرە و سڕی و سەهەندەیی و بێ ئاگایی و خۆپەرستی و پوکی و گەدە پەروەری و گەندەڵی و پوچەڵی و خوازە لۆکی ڕاپێچەك دەدەن/ یان خەڵکی. بەرە و زەبەللاحی و زەنگۆڵی و کوشمە بون/ و ئەژنۆ لە باوەش گرتن و ئاخ هەڵکێشان و تورە بون لە عەرز و عاسمان ڕادەکێشن.

سەد هەزار ڕەحمەتی خودا لە گڵکۆی ئیمامی عومەر (رض) کە هەردك لای گوڕمی شیعر و شاعیری لە بەر چاو گرتـوە هەر لەو کاتەدا کە گەنج و لاوەکانی بۆ لە بەر کردنی شیعر هان دەدا ،وە بۆ خۆی لە کۆڕی شاعیرەکاندا هاوبەشی دەکرد ، وە شاعیرەکانی خەڵات دەکرد وە موچە و بەراتی بۆ دەبرینەوە ، هەر لەو کاتەشدا هەر شاعیرێکی تەوس و پلاری بەهاویشتبا پیاوێکی ،یان بە ژن و کچ و خوشکی خەڵکی هەڵکوتبا ،یان تاریفی لە مەی و پیاڵە و مەیگێڕ بکردبا ، یان بە سەر دار و قۆڵە میرانی هەڵکوتبا ،قامچی عومەر تا لە سێوی لە خەودێنا ،وە بۆ کوتنی ئەو مەبەستانە بڕ و بیانوی لە هیچ کەس قبوڵ نەدەکرد.

ج : شیعری قەدیم و شیعری تازەش تەوفیریان لەوە دایە کە وەکو کوتمان شیعری قەدیم یان شیعر عروضی لە سەر سێ کوچك

بەندە، وە شیعری تازەش کوچکی یەکەم و دوهەمی لە بن دایە وە لە کوچکی سێهەمیش (کە بریتیە لە قالب و کێش و هاودەنگی جەمسەری قالبەکان یانی قافیە) شیعری تازە تەنیا کێشی هەیە و قالبەکان بە قەد یەکتر نین و جەمسەرەکانیش پێویست نیە هاودەنگ بن. وە ئەو چەشنە شیعرانە دو هەزار سال لەمەو بەر، لە نێو یونانیەکاندا هەبوە، وە(اَرَسْطو) لە مەبەستی قیاسدا باسیکردوە، وە هەزار و چەند سەد ساڵە کە عیلمی مەنتیق هیندراوەتە ئاسیاوە لە هەمو وولاتە مسولمانەکاندا. شیعر لە مەبەستی قیاس بۆ ئەو مەبەستە خەیاڵیو دڵگرانە بەکارهێندراوە، وە لە کوردەواریش دا پتر لە هەزار ساڵە کە ئەو چەشنە شیعرە (تەنانەت دەگەڵ کێشی خۆماڵی) لە بەیت و باوەکاندا هەبوە، وە دەگەڵ سەرینجدان لەو مەبەستانە بە جوانی ڕون دەبێتەوە، کە ئەو چەشنە شیعرە لە هەمو بارێکەوە لە زمانی فارسیدا تازەیە و لە زمانی کوردیشدا تەنیا کێشەکەی خۆماڵی نیەوە فەڕەنگیە، کە چی دەگەڵ ئەو هەمو حاڵانە، لە دوای هەڵبون و کوژانەوەی بڵێسەی شەڕەکانی یەکەم و دوهەمی جیهانی وە شڵەقانی بیر و بڕوا و بیرگەکان، لە نەکاو دانانی ئەو چەشنە شیعرە بە کێشێکی فەڕەنگی و بە نێوی شیعری تازە! لە ئێران و عێراقدا بە ڕادەیەك وە برەو کەوت، وە هەرا و هەنگامەیەکی پەیدا کرد، کە لە گڕ شیعری کۆن ڕاچو، وە بەر سینگەی لێ بڕیوە، وە لەوانە بو ئەگەر لێکیان نەکردبانایەوە شیعری تازە، شیعری کۆنی وەها لە عەرزیدابایە کە قەت قەت هەڵنەستێتەوە! وە وەکو مەشهوریشە پێشەنگی داهێنانی شیعری تازە، لە عێراقدا (شیخ نوری شیخ صالح، و گۆران

و شێرکو بێکەس) و لە ئێرانیشدا (لە زمانی فارسیدا نیمایوشیج ، و نادر نادرپور، و سهراب سپهری و احمد شاملو و لە زمانی کوردیشدا سوارە ئیلخانی زادە) بوە، و لایەنگرانی ئەو چەشنە شیعرەش ، لە ئێران و لە عێراقدا ئەوەندە زۆرن کە لە ئەژماردە نایەن و لە دوای نیشاندانی چەند وێنە لەو شیعرە تازانە، ئێمەش بیرو بڕوای خۆمان لە بابەت شیعری تازەو شیعری قەدیم دەردەبڕین

وێنەی (١) لە عبداللە پەشێو

منالەکان !
ئەی برسیە ژین تالەکان
لە سەر سنگە
نەو تاویەکەی ، بابا گوڕگوڕ
نزیك ..... تاقگـــەی
سەرە و ژوری زێڕینی گڕ
کلکۆیەکی بچکۆ لەم دی
لێی نوسرا بوو
ئا لێرەدا
منالێکی چاو گەشی کورد
لە برسا .... مرد !

وێنەی (٢) لە شێرکو بێکەس

« خەو »

لە بازاردا
کولێرەیەك وەنەوزی داو
لە کۆپانەکەی بلەی حەمالدا

خەوی لێکەوت
دە خەوی خۆی دی بۆتەوە:
بە هەویرو
بە زۆر بۆ (میر) ئەیکەنەوە!
ئەو ساتەی ویستیان پێوەی دەن
گریا ولە ترسا دا چڵەکی!
(بلە) هاتەوە و کولێرە گریاوەکە
چاوی سڕی و بۆی پێکەنی
ووتی: ئۆخەی،
تو ئەمخۆیتــو
خەوەکەیشم نایەتە دی!

*　*　*

دیارە لایەنگرانی شیعری تازە بۆیان هەیە کە بڵێن: شاعیرانی شیعری کۆن چونکە بۆ کارەکەیان سەنگو و تەرازو دادەنێن و قسە بە گەرەم و بە مسقاڵ دەکەن وە قالبی قسەکانیان خشت دەکەن وە جەمسەری بڕگەکانیان هاودەنگو و هاوڕەنگ دەکەن، هەرگیز فریــای هەست و خوست و دیتن و بیستن و بیرتاشین ناکەون وە ئەگەر بە چلۆنکایش فریای بیر و بڕوایەکی دڵگر بکەون، دەربەست بــون بە کێش و قالب و جەمسەر، ئەوەندە قوڕ قوڕۆچکەی ئەو شیعــرە بەستە زمانە ڕێك دەکوشێ، کە ئەگەر نەش خنکێ بە حاڵودو بەڵا زریکەی چڕژانی ئەو بیرو بڕوایە بە گوێی خەڵکی دەگەیەنــێ.
وە بەڵام شاعیرانی شیعری تازە چونکە ئەو ڕیس و گوریسانە دەست و پێی بیری نەبەستون، سەرەڕای ئەوە کە دەتوانن تەواوی

هێزی بیرگەی خۆیان،لە هەست و خوست و بیر تاشین‌دا وە کار بخەن دەش توانن بیر و بڕواکانی خۆیان،لە دەروازەیەکی ئازاد و هەراودا بە ساغیو و بە تەواوی بیان خەنە ماڵی دڵەکانەوە.

وە بەڵام لایەنگرانی شیعری قەدیمیش بۆیان هەیە کە بڵێن:

((ئەو وتارە کورتو و درێژ و پس پس و پرژ و بڵاوو بێ قالب و بێ جەمسەرانە،ناکرێ هەر شیعر بن( تا دەگا بەوەی کەشیعرێکی تازە بن) چونکە وشەی شیعر ئەوەتا هەیە، لە زمانی ئەدەبی دا(نەك مەنتیق و بەیت و باو) هەر لە وتاری ڕێکو و پێکو بێ تەکولو و لە قالب خراو و ئەندازە گیراو،لە کار کراوە،وە کەسێکیش ئاوا وتاریکی ڕیك و پێکی پێخوش نیە(یان لە دەستی نایە) چێ بەوە داوە وشەی شیعر لە ماناکەی خۆی لادا، وە بەو چەشنە وتارانە بڵێ شیعری تازە؟! لانی کەم پیان بڵێ شتێکی تازە، ئەگەر چی ناکرێ بە تازەش دابندرێن،چونکە ئەو ووتارانە لە چاو شیعری قەدیم ساکارن،وە لە سێ کوچکەی شیعری کۆن، کوچکێکیان کەمترە(یانی کوچکی قالب و جەمسەر) وە هەمو دنیاش دەزانێ کە جم و جۆڵی هەمو شتێك بەرە و(تَکامُل) و تەواو بونە و هەمو شتێك لە ساکاریوە بۆ لای پێچەڵ پڵوچی دەڕوا و هەرگیز ناکرێ شتی تازە لە شتی کۆن ساکارتر بێ مەگین وشەی(تازە) دەست کاری بکرێ و خانوی تێکڕوخاو و ماشینی ئەوڕاق کراو پیان بکوترێ خانوێکی تازە و ماشینێکی نوێ!! کە وا بو ئەو چەشنە وتارانە(بە زمانی ئەدەبی) نە شیعرن،نە تازەن،و هەر ئەوەندە دەکرێ کە پیان بڵێن شتیکی جوانن وە بێژەری ئەو شتە جوانانەش، هێندەیان ئاین و ئۆین ،لێ دەبیننەوە وە لە کەلێن و

کەژێراندا دەیان شارنەوە کە پیاوی زۆر زرینگو و بەڵەدیش دەبێ زۆر بیریان لێ بکاتەوە تا لە مەبەستو ماناکەیان حاڵی بێ. کێ هەیە بە بێ بیر کردنەوەیەکی زۆر لە وێنەی ژمارە(٢) بزانێ کە مەبەستی **شێرکو بێکەس** ـ ئەوەیە کە کولێرەی بەستەزمانیش لە چنگ قۆڵە میرو سەرمایەدار هاواری دەکا وە خۆی بە سەدەقەی ئینسانە زەحمەتکێشەکان دەکا؟! وە کێیە بە بێ بیر کردنەوەیەکی زۆر لە وێنەی ژمارە(١) بزانێ کە مەبەستی **عبدالله پەشێو** ئەوەیە کە: کوردەکانی عیراق دەگەڵ ئەوە لە سەر زێڕی ڕەش نوستون! کە چی عەفلەقیکان نان و دۆشیان پێ ڕەوا نادێرن و منداڵی کوردەکان لە پەنا بابەگوڕ گوڕ لە برسان دەمرن و نانی نان ئاسایش نیە بیخون!!

د: شیعری سپی وە شەپۆلی تازەش لە دوای شیعری تازە داهاتون، وە لە شیعری تازەش ساکارترن چونکە شاعیرانی شیعری سپی و شەپۆلی نوێ سەرەڕای ئەوە دەربەست بە کێش و قالب و هاودەنگی جەمسەر نین، هەروا دەربەست بە خەیاڵ تاشین و بیری باریکو و ناسکیش نین وە بە بڕوای ئێمە، ئەگەر جم و جۆڵی شیعر ئاوا بەرەو دوا بێ وە هەر چی ساکارتر و کەم ئەرکتر بێ، بە تازەترین شیعر بژمێردرێ، (ئێمە نەمرین) ڕۆژێك دێ کە بێ دەنگی تازەترین شیعر دەبێ، وە لەویش تازەتر خەوتن، و مردن لە هەمو شیعران تازەتر دەبێ!!

هـ: وە بۆ وڵامی ئەو پرسیارەش کە: ((چاکترین و خراپترین شیعر کامەن؟)) پێویستە بڵێین کە لەو پرسیارەدا، باری هونەری و، باری ئەخلاقی شیعر لێك هالاوە، و بۆ هەڵاوردنی ئەو دوبارانە

دەبێ بڵێین: شیعری وا هەیە کە لە باری هونەری یەگجار بەرزە کە چی لە باری ئەخلاقی زۆر زۆر نزمە وە شیعری واش هەیە لە باری هونەری لە نێو دایە بەڵام لە باری ئەخلاقی یەگجار بەرزە چونکە شیعر هەر چیبێ قسەیە، وە ئەو دو مەبەستانەش تەوفیریان زۆرە یەکەم: ((فلان کەس قسە چاك دەکا)) دوهەم: ((فیسار کەس قسەی چاك دەکا)) بەو پێیە خەییامی خوراسانی لە چوارنیەکانیدا و (فرّخی) ئەوی سیستانی نەك ئەوی یەزدی ها! بە ڕاستی قسە چاك دەکەن بەلام قسەی چاك ناکەن وە لە بەرابەردا (اقبال لاهوری) و (مَلِكُ الشّعرای بهار) و (فرّخی یزدی) و بە تایبەت (پروین اعتصامی) بە ڕاستی قسەی چاك دەکەن، وە بەزمانێکی دیکە شیعر بەشێکە لە هونەر و لینگەی وێنەگەری و قەڵافەتسازی، (نقاشی و مُجَسّمەسازی) یە وە دەکرێ شیعر و وێنە و قەڵافەت لە باری هونەری زۆر لە سەرو بن بەڵام لە باری پەیام و ئامانجەوە زۆر نزم بن وەکو ئەو شیعرانەی کە بە قەراڵە مارزەکان هەڵدەڵێن یان خەڵکی بۆ مەستی و خۆپەرستی و چەپەڵی و پەستی هان دەدەن/ و وەکو ئەو وێنانەی/ کە چەند ئینسانێکی وەکو کوێلە و دیل لە حاڵەتی کورنوش لە بەرابەری شاو قەراڵێکی ستەمگەر دا نیشان دەدەن/ یان وێنەی ئینسانێکی بۆشناغ و کۆك لە حاڵەتی هەڵقوراندنی گڵێنەی مەی و دم و لەوسی تەڕ و سور وە بەر چاو دەخەن کە دەکرێ لە باری هونەری زۆر لە سەرو بن/ بەڵام لە باری ئەخلاقی زۆر نزمن°

ئیدی بە دوعا ع ـ احمدیان

۲۱/ ۶/ ۶۸

# خواناسی و پاڕانەوە

ئەی خوای زەویو هەمو حەوایەك
بۆ کەس نیە غەیری تۆ پەنایەك

گەر تۆ بە دڵێ نەدەی پەنایە
ئەو دڵ پەڕەکایە هەڵوەدایە

هەر کەس کە جیهانی ڕونی دیبێ
ئیدی مەگە هەر نەدیوبدی بێ

ئەینا ئەتۆ هەر بە خۆی دەناسێ
هەرچی هەشە هەر لەتۆی دەناسێ

تۆ بێژی بەئاو: مەڕۆ دەوێستێ
گەر بێژی بە بەرد: بڕۆ دەبیستێ

بەم گشتە دڕوە کوتوتە: تێژتێژ
بەو گشتە زماندارە: بێژ بێژ!!

هەر تۆی کەدەزانی چیان لەدڵدا
ئەو زیلە هەزارە وان لەگڵدا!

ڕیشاڵێ گیا لە بن زەویدا
کێ ڕێ بەڵەدە نیشانی وی دا

کاڵەك دەچێ شیرنایەتی بێنێ
کەکرەش بەری تاڵ و تفتی دێنێ

ئەو عەرزە کرا هەزار پیشە
تێی دایە بەشی هەزار ڕیشە

دەی کییە ئەوەی کەوا بەشیان کا
تێکرا بەبەشی خۆیان کەشیان کا

تۆی ئەو کەسە دات ناوە بەلێکی
بو هەر بەشە چەن دارو لەلێکی

کوا دەگری(دڕو) گرۆ لە پشکێ
داوتە بە(گوڵێکی) پێی بپشکوێ

لێوی بەددان گەزی (گەزیزە)
لەو ساوە کوتیان (گەزیزە) زیزە

ئەی خوایە چ جوانە کارەکانت
جێی نەخش و گوڵ و نیگارەکانت!

زیوینە قەڵایە داڕژاوە
دار ماڵە لە زیڕ و زێوی تواوە ::

دندوکی ایێدا مەلێك حەلێکی
لێی هاتە دەرێ لە پڕ مەلێکی

هەڵدەبڕێ لە تووگەڵایە ناسك
کرم و مەڕ و مێشەهەنگ و ئاسك

ئەم پشکەڵ و ئەو میسك و بەد و ی د یش    ئاوریشموو هەنگوینێ دەکەن ئیش
کە شتێکی دراوە تێکو پێکی    تۆ ماوی لە سەر لەپی لەتێکی
ئەو لەتکەیە بێتە دەر لە بن پێ    ئێستاش بە ژیان هیوایەکت بێ
ئەو سا کە نەما سەبەب بۆ ژیانێ    دەی کێیە هیوای تۆیە بۆ مانێ؟
ئەی خوایە ئەتۆی هیوای هەموکەس    کەس نابڕی هیوای چونکە ئەتۆی هەس
بەڵگەی ئەوە خوا یەکەونە دوانە    یاسایەکی ڕێك و پێك و جوانە
پێی هاتە دی ئەو جیهانە ڕێکە    سوڕان و گەڕانی ڕێك و پێکە
بگرە لە ئەتۆم و کەهکەشانێك    لانادا لە ئەرکەکانی شانێك
قانونی ئەتۆم و درزەکانی    چونێتی خولانی پڕزەکانی
سیللول و تەتینی گشتی ئازا    بۆ ئیشێ هەیانە گشتی ئازا
ئەو لیزگە کە ڕوژە ناوە ڕۆکی    سوڕ ماوە کە کێ کرد ویە کۆکی؟!
ئەو عەرزە لە دەوری ڕۆژد ەسوڕێ    خۆی مانگی لە دەورە هەڵدەسوڕێ
واد یارە هەیانە کەین و بەینێك    پۆشراوە لە هێندی بیرو زەینێك
بەو نەزم و نیزام و ئیش و پیشە    لێم سورە(خودا هەیە و یەکیشە)
گەر خاوەنی ئەو جیهانە دو بان    دنیا دەبۆ دو هەوا ویمك بان
هەر ساتی یەکیان شەوید ەهێنا    لەو ساتە ئەوی دی ڕۆژی دێنا
ئەو حوکمی دەکرد ببێتە سەرما    ئەم پەلپی دەگرت ببێتە گەرما
ئەو سوڕی بەڕاستەدا دەگێڕا    ئەم ئیشی ئەوی دی وەرد ەگێڕا!
بەو پێیە دەبا هەتا هەتایە    هیچ شت بە وجود نەهاتبایە
دەی چۆنە کە ئەو جیهانە گەورە    هاتۆتە دی گرتویە تێ دەورە
دەورێکی کە چەند هەزار یاسا    داوێتە دلانی عام و خاسا
ئەو گشتە لەت و کوت و بە شانە    یاسایەکی دای هێنان بە شانە
هەر یەك دە خولێ بەلانوبارێك    هەر کامە خەریکی ئیش وکارێك

ڕوداوی بە نەزم وکات وساتی — ئاوێنەیە دەنوێنێ سیفاتی
ئەو نەزم و نیزامە داویە شادەی — بۆ(علم) وبۆ( قدرت ) و( ارادە) ی

---

ئەی خاوەنی ئەوجیهانە ڕێکە — بۆ سەرکەسێکی درود بەڕێکە
وا نێوی موحەممەدەو لە خولقا — هیچ کەس لەوی گەورەتر نە خولقا
ڕۆژێك بو هەڵات لە غاری حیرا — دنیا هەمو ڕون دەبو لە ویرا
پێغەمبەری گشت زەمانە بو ئەو — پێغەمبەری گەورەتر نەبو لەو
بۆ و ئەلفی خەتی دیانەتی تۆ — پیغەمبەرێتی ئەو و خودایەتی تۆ
( اَللّٰهُ) و( مُحَمّد ) ن دو ناوێ — لێکیان کا هەچی کە دینی ناوێ
ڕیبوارێ لە مەککە چوە مەدینە — ڕەفتار و ووتاری بۆمە دینە
پێغەمبەری دی کە ڕابراوون — بۆ جێی و زەمانی نێر دراوون
تەنیا هەر ئەتۆی هەتا هەتایە — پێغەمبەری دی لە دوی تۆ نایە
ڕاسپاردەی خاتەمو جیهانی — پێغەمبەری گشت زەوی و زەمانی
ئەو جوری دەبێ بەشەربەشەربێ — بۆ خۆی و خوداو بۆ بە شەر بێ
گشتت بە کەلامی خوانیشاندا — بێ فەرق لە نێو سپی و ڕەشاندا
پێغەمبەری خوا و خوا نیشانی — ئایاتی خودات لە سەر زمانی
بو بۆری خەتم بە جایزەی تۆ — قورئانی خودایە موعجیزەی تۆ
تا بەڵگەیە سور و زیند و هەردەم — پێغەمبەری تۆ نیشاندا بۆ جەم

---

بو بەکری سدیق و یاری غارت — هاوڕاز و وەزیری کارو بارت
هەرکەس کە ئەتو کوتت وەرە ئەو — هەیبو تەگەریك جگە لەو
ئیمانی هەچی ئومەتە لایەك — ئیمانی ئەویش بخرێتە تایەك
نابزوێ کەفەی قورسی لەعەرزی — ئیمانێ کە کوفری پێ دەلەرزی

گەر حیكمەت و دینی ئەو نەبایە — مورتەد هەمو دینی كرد بو زایە

---

فاروقی عومەر كە هاتە لای حەق — حەق هێند مقورس بوسوك بو ناحەق
دینی نەبی ئەو بو ئاشكرای كرد — كۆشكی ستەمیش كە ئەو خرای كرد
شمشیری خودا بوكەوتە دەس حەق — تەختان وسەرانی كرد لەق وشەق
بەیداغی گەیاندە (سند) و (جیحون) — یارانی لە مەرزی تونسی بون
(هند) و (خزر) و (مدیترانە) — هەرچی هەبو لەو ویشكوتە رانە
بەیداغی عومەر هەموی وەبەردان — گشتی خەلەساند لە داخ و دەردان
ئیسلامی گەیاندە گشت ولاتان — بۆ بە خنەوەری كران قەلاتان
كردی بەری بەرگی لە عەدالەت — رایدا لە جیهان بەد و بەتالەت
پێغەمبەری خوا كوتی: ئەگەر با — پێغەمبەری دی دەبا عومەر با

---

عوسمان كوری عەففانە بەدو نور — حەق بینو خەتا چەندە لەوی دور
پێغەمبەری خوا كوتی: كە عاسمان — پڕ بوە لە حەیا و شەرمی عوسمان
قورئانی كە نوسیوە بەهەشت جێی — جێی خۆی بوكە بۆ ئەو بێ بەهەشت جێی
گەر حوكم و مشوری ئەو نەبایە — سەد دەستی چەپەڵ دەكەوتە كایە
كوا دێتە ژومارە وەكەماڵی — دایناوە لە رێی دین سەر ومالی

---

جوا نسێر كە عەلیی مورتەزایە — شمشیری كە خوا لەوی رەزایە
ئەو دەركو قەلای خەیبەری تێشكاند — هەر وەك سەرعەبدی ود دی پڕژاند
بۆ بەرزێتی حەق ئەوەندە تونی — دەشكێنێ هەمو قەلای چەتونی
لەو نیوە شەوی بە سام و خۆفان — هەستا بو كوفر لە چەشنی تۆفان
پێغەمبەری خوا لە جێی وەدەركەوت — بێ ترس كەسێ لە جێی ئەوی خەوت

کێ بێ لە خەتەر وەها زەلیلبێ — بۆ حەق ، دەبێ ئەو کەسە عەلی بێ
پێغەمبەری خوا گوتی بـــرامـە — من بچمە بەهەشتی ئەو لــە لامـە

---

ئەی خوایە ئەتۆ خۆت و خودایت — تۆ قودرەتی بــێ بەرود وایـــــت
تۆ عیلم و ئیرادە وسەبوریـــــت — تۆ ڕەحمەت و بەخشەری و غەفوریت
ڕوحمی بکە بەو زامی هەنــاوم — بەو کوێ تەمەنی بە بــادراوم
وەرزی تەمەنم نەچێنـدراوە — کەکرەودڕو دالی لــێ ڕواوە
چاکەشگەلی زۆر بوداى بچێنم — تۆ شوێك لە عەمەل وەدست بهێنم
هەر ئەو ڕو بە سۆزی تابەتاســۆ — ڕۆژی تەمەنم گەیشتـە ئاســۆ
بێ توشە و کۆڵۆ خەم لە پشتــێ — ناگا کە شەوی مەرگ گـەیشتــێ
کوڵێکی گران ، شەوێکـی تاریـك — هەڵبونی تەڵەزم و ڕێیە باریـك
هیچکەس نیە من پەنا بەوی بەم — دەرکێك نیە من کە ڕو لەوی کەم
ئەو بێکەس و بی دەردەم کە نیمە — غەیرەزکەلیمەی (خوداڕەحیمـە)
ڕوحمی بکە بەو دلەی شکــاوم — خوێناوی دڵێ لە چــاو ڕژاوم
ڕوم کردەوە دەرکـی توخودایـە — ئەستوکە چی تۆم وەکـو گەدایە
ڕوحمێکی بکە بە بێ بەشیمــان — عەبدێکم و لە کردەکـەم پەشیمان
کویلێکی ئەتۆم و تۆش غەفـوری — یارەب تۆ بە تۆ بەلێـــم ببوری
یا ئەو ڕوکە تۆڵەکـەت بسێنـە — چی جەزرەبەیە بە سەرمی بێنـە
وابێ کە لە دواپشـوی ژیـانـم — ساتێکی کە دەردەچـی گیانـم
ڕوم بێ بگەڕێمەوە حــوزورت — هیـوام بێ بە ڕەحمەتی و فورت

مەهاباد ــ خەزەلوەری ١٣٦٨

## ٢ــ پیری جل شڕ (ئیستیسماری خۆماڵی!)

لە ڕێبازێکی دیم پیرێکی جل شڕ — بە تاڵ گیرفانەکەی، ئەمما دڵی پڕ

بە بارن بەفری پیری کەوتبوە ڕوی — وەبن کەوتون، مەگین لوتکەوتەپەی چڕ

کەڕەسیسە لە دەوری چاوەکانی — لە قامیشی مژۆڵی کەوتبون کڕ

کز وبێ شۆق ببو فانۆسی گیانی — لەوەی بو هەر کوژا باوە کوتو پڕ

کوژابووە لەوی، کوانوی هومیدی — دە قرچا ئەو دڵی بێ ئاگر و گڕ

هەمو ئازای ترازابون لە جێی خۆی — لە چاووهۆش وگوێ، سیس وکەڕوور

دەگەڵ ژین زیر ببون لێکترە لەپڕدا — بەگژ یەکدا دەچون لەمشت ولەومڕ

هەڵێکێشا هەناسێکی، لە ناکاو — دەبو سارد بێ هەڵاوی نێودڵی سڕ

دڵم سوتا بە ساردی ئەوهەناسەی — سەرم خستە سەری بێ فێڵ وبێ فڕ

کوتم مامە: خەمی جوانیتە ڕۆیوە — بەتاڵی باغەڵە کردویتە دڵ پڕ

هەڵێکێشا هەناسێکی درێژتر — ڕوانێ من، بە دوشیشلۆقی دڵ بڕ

زمانێکی وە بەر دەرکی دڵی دا — خەرێزەی کرد بە لوساوکە خزی دوڕ

کوتی: نا گیانە خەم بۆ وانە ناخۆم — جەماڵ ومال هەیانە ئەو قڕ و فڕ

کەدین دەشڕون ئەوانەبلقی ئاون — نە قارون مانە یوسف مانە دڵ کڕ

بەڵام، حەسرەت دەخۆم بۆڕەنجەڕۆیم — لە نێو ئەتواری سپڵانە و جەرگ بڕ

ئەمن ئێستاکە پیرو کەوتو ڕەوتوم — هەناسە ساردی سەرچاوەی دڵی سڕ

نەمامێك بوم لە باغچەی ژینی گەڵدا — ئەوین ئاورینگی قەلبێکی تەڕ و بڕ

کوڕێك بوم من بەدەست وقەمچوبازو — لە سەر ئەو خاکە پاکە شەڕکەر و دڕ

جحێڵێك بوم کەڕۆلوی چاوەکانم          نمونێك بون لە ئاورگی پڕاو پڕ
قدواریکم هەبووەك بۆڵەد زێڕێ          لە پێ بابۆڵەکەم سینگی زەوی دڕ
دڵی ئاورین و چاوی تیژو ئازام          وەلام نابون لە خزمەت داوە کوزڕ
پلە و پایە و هەچی کۆشکێکی بەرزە          بەشێك ڕەنجێکی خۆم لێکرد ەنێو پڕ
عیوام وا بوخەسارنیەهەرچی دەیکەم          لەبەرچاو یانە ئەرکی زۆر کەمو بڕ
لەدوای ئەنجاسی هەرچی پێم سپێرا          بە ڕێز دەمکەن لە ژین پۆشتەوخڕوپڕ
بەلام داخی گرانم ڕەنجە ڕۆ بوم          لە دوای خزمەت بەتاڵ گیرفان و دڵ بڕ
حەواشیان دامەپشت شاری دەڵێی پیر          قوڕازە کۆنە ماشینی شەق و شڕ
بە بیعاریش لەوێ من دادەنیشم          بەوان بۆ من دەبۆ بچمە کەژ و چڕ
ئەمەك هیچ، بۆچی هێند ەملۆ بیزارن          دڕەنگ هاتوم کەمم چاکرد شڕو وڕ
دەڵێ خزمەت بە گەل کایەوقومارە          قومارێکە دەڵێی هێناویتی فڕ
قەلە مندارە بم، بێژی، کە لاوان          بەلام دادێن لە شاری ژین دەڵێن گڕ
چەنەی بێ هێزی نۆبەی دابە چاوی          کە بگرێ بۆ کوتن ڕێی یەکی سەربڕ
خوناوکەی چاوەکانی هاتە خوارێ          قوڕاوی بەفری گۆیلانەی چەمو خڕ
وەرن لاوانی ڕوشن بیر ببینن          لە جوغزی کۆیلەبازی سەخت وساڵ قڕ
کە زۆریك مام و بابی خۆو وڵاتی          چلۆن نوقمن لە ئیستیسماری خۆێن بڕ
دەجادەی ڕاپەڕن لا بەن لەسەحنە          ژینی خۆینی ئینسان و سەری فڕ
ئەگەر کیشەش لەسەرد یلی وئەسیری          جەفەنگە و گۆترەیەوتە خمینن ود مبڕ
تو خوا بەس کەن لەباسی ئیسم وییسمان          بەبە شیعری چەپوها ویشتنی فڕ

مەهاباد ـ خاکەلێوەی ١٣٥٢

# ٣ـ پەندی دو بەرەکی !

دەکەس ، بە ڕێیەکدا هاتن — لە پڕ دو کەس توشیان هاتن
ئەو دو کەسە ، هەڵمەتیان برد — دەیەکانیان زۆر زو چەك کرد
بە ڕوتی هاتنەوە ماڵان — خزمان لە دەورەیان هاڵان
وە بەر تیر و تانە دران — هەمو ، وە بەر پرسیار خران
((بۆچی ئێوە تەسلیم دەبون — خۆ وان دوبون ئێوە دەبون))
یەکیان لە بن نەدامەتی — سەری هێنا دەری کوتی :
((ئەوان دو بون هەرد ویان یەك — ئێمە دەبوین هەمو یەك یەك ))
ئەی هۆزی من ! لێم ببیستن — گشت خاوەنی هەست وویستن
هەرگیز مەڵێن : ئێمە چەندین — هێندە ئازا و مەرد و ڕەندین
بێژن : دەگەڵ یەکتر چۆنن — ڕو خۆشن ، یا لێکتر مۆنن
هەزار مەردی بێ وێنە بن — بێتو دەگەڵ یەکتر نەبن
پاڵ پێك دەدەن چەند نامەردان — دەتان کەنە تۆزی هەردان
خوا فەرمویە : ((اِعتَصِمُوا — بِحَبْلِ اللّٰه)) بگرن هەمو
پەیمانی خوا ، بڵاو مەبن — بە یەك گرتن ڕزگار دەبن

قوزلو ـ بە فرانباری ١٣٤١

## ٤ـ منو منالّی باب خنكاو!

ڕۆژ بە غەرزینی قینی میرغەزەبێ    خۆی كوتا ژێر نیقابی هەوری ڕەش
دەسیكردە گوڕین و لێ قرمان    لێی دەبۆوە لە چاوی پۆلوی گەش

---

ماتە ماتو لە پڕ دەسی پێكرد    تیرە بارانی عەرزی بەستەزمان
ڕژنە تیرێكی پڕ بە پێستی زەوی    بە هەراوی زەوی هەتا عاسمان

---

چەشنە تیرێكی پاشی ئەنگاوتن    نامرێتو و لە كار ناوێستێ
بەڵكو هێزیان دەكەونەوە یەك    تا كە لافاوی خوێنی سورهەستێ

---

تا وەكو هەژدیها بگرمێنێ    كەف بچێنێ و سەری لە كەندێدا
لە قەبرغەی هەراوی خۆی هاوێ    هەركەسێكی بوێری خۆی لێدا

---

پیرە پیاوێكی ڕوتی بێ ئەنواش    هەڵدەلەرزی لە ئەو بەری چۆما
پیرە دارێكی گوێی چەمی هاژا    تەرمی خۆی چاو دەكا لە نێوگۆما

---

چۆكی فیز یو پشتی كوڕ بۆوەی    بێ بەشی و پیری باری قورسێتی،
كۆڵە گەنمێكی بردوە بیهاڕی    نەكو منداڵی قڕكا برسێتی

---

جارەکەی دی کەزۆری پێوە خـرا     هێزی برسێتی هەڵمەتی برد بـو
ماڵی چۆڵ و بەتاڵ و بـێ ڕۆزی     دەنگـی زاق و زروق پڕی کرد بو

---

گورگی قاتی لە کۆزەکەی دابـو     گەر نەگەیباوە فەوری بۆلایـان
تاق و جوت کەوتبوند نێو حەوشە     چەشنی فرمێسکەکانـی گۆنایـان

---

دەنگی منداڵەکانی لە بنانگوێ     هەڕەشەی چۆمەکەشکە دەیترساند
ئاخری بەو هەموکوڵە قورسانـە     ئاوری جەرگ دایگـرسانـد

---

خۆی ڕەمل چۆمی هـاژاونـا     کەوتە ژێر لرپی ئاوی ئینسان خۆر
بینە قاقـەی نەبـێ نەمابـوۆوە     زو ئەویش کەوتە چنگـی زۆر

---

هەر ئەوەی توانی جارجـارێ     سیلەیـی چاو بداتە ئاوایـی
دا خوا دوای وی منالەبرسێکان     چیان بەسەر بێ بە گیانی ساوایی

---

شلبەیەك هاتو چاوی پێ لێکنا     چاوە دێری ئەوەیشی چو داماو
وەك کەف و کوڵ خرایە سەر ئاوا     توکە سەر شەلاڵی ئاوی قوڕاو

---

دەز بە جێش ڕۆژ لە ژێرنیقابی ڕەش     هاتە دەر وڵاتی خستەوە ساو
هەمو ئاسۆش دەکەونە زەردەخەنە     ئەوی دەگری من و منالی باب خنکاو

---

بۆ کوڕی شاومیـرو داراکـان     چەندە زۆرن ئەوانی وادەگریـن
من و توش بۆ منالی بێ بەشەکـان     کوڕی شینێکی گەرمی بۆدەگریـن

---

شیخالی ، خاکەلیوەی ١٣٤٦

## ٥ ــ شەربەتی هۆش بڕ

نە خۆشیکی وەکو لەرزو تەبی بـێ
هەلینگیدا بە غار بۆلای تەبیبـێ

تەبیب پێی کوت : چتەهاواری کوێتە
ئەوەی دێشێ سەرەیا چاووگوێتـە

کوتی : تۆچیتە؟ چت داوەلەوانـە؟
کە گوێم هاوار دەکا لەوئێش و ژانـە

ئەمن هاتوم بەیەك شەربەت سڕم کەی
وەها بێ هەست وبێ ئاگا و ورم کـەی

کەئید ێ هەست نەکەم ئێشی نەخۆشی
ژیان بێ ژان ودارسال بێ لە خۆشـی

تەبیب زەرد یکی گرت لەم خەونە خۆشە
بەدەن هیچ، دیارەڕوحیشی نەخۆشە

وەها بیرگەی بەسەریەکدا ڕمـاوە
کە ئاداری لە سەر پادار نەماوە

تەبیب ناچار بوگوشیەکەی وەلا نێ
بو ماریجەی وەکار بێنی زمـانێ

کوتی : ئاغا ئەتو وا دیارە کالـی
هەڵەوهەرزەوله حیکمەت بێ هەوالی

هەمو هاوارو ئێشی دەردە داری
نمونێکن لە ڕەحمی کـردگـاری

کە هەر ئازایە زامدار و نە خۆش بو
زمانی ژانی ئێژێ : بـم گەنـێ زو

وە فریام بێن بەدەرمان ماریجەم کەن
ئەمن ، خۆتان لەسرد نتان نەجات دەن

دەگەر سڕکەی بەدەن ئازانەکەن ژان
بە قوڕبیگری دەمی هاوارو هـاژان

لەئازای زاهیرو مەخفی ونهانـی
هەموی دەڕزن بەبێ وەی تۆ بزانـی

وەکو هێندێك بەخەمدڵیان کەدێشێ
خەمی داکەوتنی ، بێ چونە پێشـێ

لە باتی ژانی دڵ ڕایان پەڕێنـێ
موعەممای چەوتی ژینیان پێ هەڵێنێ

دڵی ناڕازی ڕازی کەن بە خۆشـی
لە بن بێنن خەموزاڵەی نە خۆشی

پەنا دێنن وە بەر سوراوی هۆش بڕ
ئەوەند خۆیان دەکەن مەست وسڕووڕ

نەبیستن دەردی دڵ هەرگیز نەخۆن خەم        ئەگەرد واکەوتوکۆیلەش بن جەهەننەم

بەوانچی ماف وحەقی پێشێل کرابێ        عەدالەت دەرکەکەی قوڕدان رابێ

بەوانچی ئیحتیکار وسوت وبەرتیل        کە چینوتوێژی ئارەق ڕێژدەکەن دیل

بەوانچی بیرو بڕواکانی پوچەڵ        وەباویان خستوە ئاکاری گەندەڵ

چ دەربەستیانە پۆلی گەنج ولاوان        لە باتی مەدرەسە بچنە کەلاوان

لە جێی هەڵبونی شەمعی عیلموزانین        بەسەریان بێ شەوی جەهل ونەزانین

گڕی موعتادی با بەربیتە کۆزێ        ئەوەش چش ژینوویژدان هەڵپرۆزێ

چ دەربەستن کەلوێچێك دەستی ناپاك        پەلاوی کەن کەلێك داوێنی زۆرپاك

ئەوان مەستن چ دەربەستن بوێرن        لەبەر پرسی نیدای دڵ خووەشێرن

عەزیزم ئاماریجەی دەردان سڕی نیە        دەوای دەرد یکی بێ هەستی ووڕی نیە

بەتایبەت ئێمە واکەوتینە ڕوژێك        بۆ وشیاریە، تەقالای گشتی توێژێك

هەموکۆشش بۆ ئاگایی و بۆن دەرکە        دە تۆش بیری سڕی لەو مێشکەدەرکە

سڕی وەك ژەهرە هەرچەند دەکەمیش بێ        کە ژیری قڕ دەکا بادەم دەمیش بێ

لەسوڕی ژین ئەگەر غافل بی ساتێ        لە پرکەوتویە نیو چەند کارەساتێ

مەهاباد ــ خەزەلوەری ۱۳۵۶

## ٦- ڕۆژی ئازادی وڵات

ڕۆژی ئازادی بەگرفە هەر لە سەر ئاسۆ هەڵات
دێوی دیلی کەوتە لرفەوتێی تەقاند وبۆی هەڵات
بانگەوازی ڕێی نەجاتی لەگەل گەلێك پاپای ئەتۆن
چونکە خەوتوی ڕاپەڕاندن نرکەیی بانگووسەڵات
ئاسمان زەردمم لە سەر لێوەکە سورا وسورەلیێم
ڕۆژی ئازادی درەوشاوە لە بن هەور و هەڵات
ئەی ووڵاتم ! ئاوەکانت ڕوحی مەن دەبزونەوە
خاکەکەت ئیکسیری ژینە هەر وەکو زێڕ و تەڵات
هەر لە بەر وەش بو، ڕژاندیان خوێنی خۆیانلاوەکان
بۆیە گێڕایان لە دەوری سەرهەمودەرد و بەڵات
داری ئازادی چ شینی توبە خوێنی سوری مە
لاپەڕی پەرتوکی شۆڕشگێڕی، سەر پاکی گەڵات
وەرنە سەیری ئەوستەم پیشە سیا چارەی کە چون
زەندەقی چو ساتێ دیتی تاوی ئازادی هەڵات
بۆ دزی شەوگارو بن سیپاڵی ڕەش حاشارگەیە
دەرپەڕی زۆر زو کە دیتی ڕۆژی ئازادی وڵات
داخەکەم دەرچوی لە دەستی شورشی تۆڵەستێن
داخەکەم نەڕما بە سەر تاکۆختەوکۆشکوو قەڵات

داخەکەم نەکراکە بێتە گەوزی داسی جوتیار
یا بە چەکوچی پیشە سازان ورد ببێ سەلکی بەلاّت
هەر برۆ چش پابەوە چش تۆڵە ناسێنین لە تۆ
حەیفە خوێنی پیسی تۆ بڕژێتە سەر خاکی ولاّت
خاکی پاکی ئەو ولاّتەی خوێنی ڕونی لاوەکان
لێی ڕژا تا بارتەقای ئازادی بکرێتە خەلاّت
با بڕۆن ئەو کلکە نەفتینانە توویان پاوە بێ
چارە نوسی گەل بەگەل بێ بێتە دەس خۆی دەستەڵات

مەهاباد ـ ڕێبەندانی ۱۳۵۷

## ٧ـ ڕۆژێکی کە گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە !!

بیستومە مەلایە وەعزی دادا
بۆ مەوعیزە چاکی کرد بەلادا

دوای باسی کوتی: کتێب دەفەرمێ
ڕۆژێك دێ نەمێنێ سارد و گەرمێ

گورگ و مەڕ دێنە سەر سەراوێك
دەیخونەوە پێکەوە لە ئاوێك

دەرکی ستەمان بە قوڕ دەگیرێ
زۆرداروبێ زۆری هەڵدەگیرێ

سوفێکی بە دڵ زیند و کوتی دەی
جا کامە دەگوڕێنی هەواکەی

مەڕ دڕ دەبێ تا گورگ دەترسێ
گەردیتی خەتەر !! الحەق دەپرسێ

یا ئەو مەڕە هەر مەڕە و حەواوە
گورگە کە دڕندەیی نەماوە ؟

پیرێکی تری زیندە دڵ و ژیر
پەرچی قسەکەی داوەکوتی : بیر

کوا ڕێگە دەدا گورگ لە خۆڕا
کەس بێژی کە ماهیبەتی گۆڕا

ڕێ هەر ئەوەیە کە مەڕ بوێرێ
دڕبێ ، دڕوبێ ، گورگ نەوێرێ

بیڕێتە مەڕان دو چاوی برسی
ئەو وەختە گورگ مەڕە لە ترسی

ئەو گورگ نەما و سوراوە گەڕێك
گورگێتی نەماوە خۆی بۆتە مەڕێك

هەر ئەو کەسە دوژمنی بود وێنێ
ئەو ڕو بە برایەتی دەدوێنێ

ئەو جارەهە چی زوڵمەهەڵدەگیرێ
دەرکی ستەم و گزی دەگیرێ

هەر گورگ و مەڕێ لەتوێژوچین دا
بەشیان وەکو یەك لە مافی ژین دا

ئەو کاتەیە دێنە سەر سەراوێك
دەیخۆنەوە پێکەوە لە ئاوێك

میرزا یەکی زیتەڵەش لەوێ بو
خۆی خستە قسانکەدوێ شەوێ بو

دەم خوێندەوەمن کە هۆزی ژاپون
زۆر دورە شەڕ و لە پیشەدا بون

تا (موتتەفیقین) گوتیان بکۆشین ... ئەو چەند مەڕەبێ زمانە بدۆشین
شالاوێ لەوی بدرێ وەکو گورگ ... مل هەڵبڕن، هەڵدڕن زگ و ورگ
کاتی کە ئەوەی دیهۆزێ ژاپون ... پێیان مەڕە بویە لە گژی ڕاچون
وا غەزری کە هێرشی بۆ دەبردن ... هێندەی لەت وقەڵت وپەت دەکردن
هێند ورگی دڕی سەری ڕفاندن ... هێند قاچ وقول ودەسی پەڕاندن
تا (موتتەفیقین) خستە ئامان ... بۆ بەرگری لەو هێرشەکە دامان
پاڕانەوە لێی، ئێوە برای مەن ... بو ڕێگەی ژین ئێوە چرای مەن
ئیوەن (موتەمەدین) ولە پێشن ... دنیایە بەرە و عیلم دەکێشن
ئینسانی بە ڕاستی ئێوەنو بەس ... ئێوەن بەشەر و پەنای هەمو کەس
فەرمون کە تەواوی توێژوچینێ ... وەك یەکتری بین لە مافی ژینێ
تێکڕاله دەراوی ژین وەکۆ بین ... کشت دور لە شەڕ و هەراو بڕوبین
ئەو جارە مەلاش کەوتە دەسوبرد ... بەو پیتەیە باسەکەی تەواو کرد
هاتوە لە بەهەشتی ڕاکوتەك تا: ... هەر هۆزی بە مافی ڕانەوەستا
لێی دەن کوتەکێك سەری نەرم کەن ... تا دێژێ: منیش هەم لە سەرم کەن
بیستومە دەڵێن قسە هەزارن ؟ ... لەو گشتە قسەش دویان بە کارن
یا ژینی بە کۆیلەیی وذەلیلی ! ... یا ڕاپەرە چش لە ژینی دیلی

مەهاباد ــ جۆزەردانی ١٣٥٦

## ٨ـ پاییزی هەتیوان

ئەوەسال پیربو ، ڕۆیی هێزوتینـــی
لە بەر بێ تینی هەستا قاروقینـــی

پەڵەی ڕەش گنجی نێوچاوانی ئاسۆ
عەبوسی عاسمان گریانـــی تاسۆ

تەمی سەرکەل پشوسواری پەسیوان
زریکەی پوش بەدەمبای دۆڵ وشیوان

هەموپێشەنگی غەزرین وڕقی ویـــن
کە جێی گووەند بکاتە کوڕگەی شیـــن

هەڵیکرد با بەسەر عەزراگوڕانـــدی
ڕنی ڕوی مێرغوزارانو کڕانـــدی

لەساما دارنەمابو هەڵنەلـــەرزێ
گەڵاش زەرد بولە عەیبەت کەوتە عەرزێ

وەکوێ کردن کروکوتالی نەخشیـــن
لە گولزاروزەمەنـــد وچیمەنی شیـــن

ئەوەی ڕوی سوری عەرزی دا بپۆشێ
نەما غەیرەز حەسیرێکی لە پوشـــێ

ئەویش بەندی لەسەرجی هەڵبڕا بـــو
لە بەرێ خوست لەسەد جێوەدڕا بـــو

لە ئاواکاتێ وا باغان پەشـــۆکـــان
هەتیوێکیش دەهات بۆ پاشەڕۆکـــان

کەمەمنا بیستبوی باغ ڕنـــدراون
ملوزمی بەرگری لەودا نـــەماون

دڵی خۆش بوکە بەشکوبەختی چابێ
گەڵا ، چەند دەنکی بۆحاشاردابـــێ

بەنێوی نۆبەرە بیخاتە نێـــو زار
کە تا مەزرۆیی بشکێ هەروەکو پـــار

لە ناکاو هەورەکان هاتن بەگرمـــە
هەمو بانی حەوایان خستە زرمـــە

هەتیو ئێستا نەگەیبوە کۆڕی داران
هەڵیان کردێ تریشقەوبـــاو بـــاران

ئەمیان دەیگرت لەئاوی هەڵ بکێشێ
ئەوی تربابە شوڵ لێی ڕابکێشـــێ

تریشقەش لێدەدا چەغماغەکانـــی
کە ڕونی کاتەوە مـــان ونەمانـــی

بەلام هەرما هەتا ڕۆیشتە نێو بـــاغ
کروشمەی کرد لەبن دیواری چاردا غ

لە بیرڕوچودەبێ سوچیچ بوبێ          چ تاوانێك بێ ئەولێی دەرنەچوبێ
ئەوی بێ بەشی جورمێکی لەسەر بو          جگەلەوجورمە ئەو بێچوی بەشەر بو
لەپڕدەنگی گڕی باغداری دڵ ڕەق          دڵی لەرزاند لەنێو قاپی ڕەق وتەق
"هەتیوتوزوزیەسك قورس‌ودومۆری          بڕۆ بەسە چنوکیو مفتەخۆری
بە بیانوی پاشەرۆك هاتویتە ئێرە          بڕۆ یاللە بەدەر بە خۆت وەشێرە
بەوالله پاشەروکێکی تەماکەی          دوگوێت دەبڕم کەتەنبێ بی هەتا هەی"
دەخوا هەڵنەگری ئەوزولمەکەبکرێ          کەسێ بخورێ بەشی لێشی بدرێ
هەتیوتۆقی ، لەدەست ئینسانی نامەرد          هەلات توند وپەنای هێنا لەبۆ بەرد
لەبن بەردێکی گەورە خۆی پەنادا          کەهیچیشی نەداتی ، لێشی نادا
هەنیسکانێك سەری ڕادەتلەکێنن          کە چاوانی کولی دڵ هەڵڕژێنن
دڵی وەك مەنجەلوکێکی کولی بێ          لە چڕژی چەند دلوپێك هەڵقولیبێ
گەلێك گریاوهەنیسکی داله ناکاو          خەوێك برد یوەبەستی چاوی گریاو
لە خەودا بیستی دەنگی داوە عاسمان          بەهاوارێ ، کوتی ئەی پۆلی ئینسان
بینای خیلقەت لەسەرحەق ڕوندراوە          لەقینی حەق بو عەرشی پێ لەراوە
کزەی جەرگ وچزەی قەلبی فەقیران          هەنیسکوود لپڕی وزالەی سەغیران
کەساسی وبەش خوراوی هۆزی بێ بەش          گزی وزێفی ڕەگەزبازی سپیو ڕەش
لەنێوئەوکۆمەلانی هەن لە عەرزێ          ئەوانە عەرشی خوایان پێ دەلەرزێ
لە ئەمڕۆدنیا یەگشتی توێژو چینێك          هەچی بەشداری کرد ن خوا لەژینێك
هەمولایان بەدەنگێك بانگ کراون          لەسەرسفرەی ژیانا ڕۆندراون
منال وپیرولاوانی سپیو ڕەش          لەسەرئەوسفرەوەك یەکترلەگشت بەش
خوداوەك یەك خودای گشتی ئەوانە          بە قەد یەکتر پەناوپشتی ئەوانە
چلون دەکرێ خودا بانك کاکەسانێك          بوسەرسفرەونەیان بێ هیچ بەشانێك
لە حوکمی خوای حەکیم بێ بەش نیەکەس          بەلام لوێچێك لەزۆرداران ناکەس

بەشی بۆ زۆرەکانە ، دەی ڕفێنن    کەیەک سەد بەش هەزار بۆ بەش دەمێنن

ئەوەی حەق بێ و بەدور بێ لە و بەتاڵەت    بەشی ژین دون بەشی ڕحمو عەدالەت

عەدالەت ، بۆ بە هێز و ساغ و گەنجان    بەشیان بدرێ بە قەدر کێشانی ڕەنجان

هەتا توانی بخا ڕێنی لە شی خۆی    بە قەدر کردەوە دەست بێنێ بەشی خۆی

ئەوەی دەستیشی خست بۆ خۆی بمێنێ    بە فیل یا زۆریەکی دی نەیڕفێنێ

ئەوا نەشوا نەخۆش و پیرو کەوتون    منالانێك وەسەرکاران نەکەوتون

لە ڕوی ویژدان و ڕە حمو میهرەبانی    وەها دابین کرێ مافی ژیانی

نەبینی هیچکەسێ هاو سەرکەمی بێ    نەبیستی ، هیچکەسێ داخ و خەمی بێ

بەرابەر بن هەمو بەو بەشەی ژین    ئەوەش دینە ئەوەش دینە ئەوەش دین

مەهاباد ـ خەزەڵوەری ١٣٦٨

# ٩ـ بەھارو ڕاپەڕین

پیرەشەماڵێ ! بە زریانێ بێـــژە وەرە
دو قۆڵ بڵێین بەھەمو تۆێژو ھۆزو پەرە
ئەو ڕو بەھارە قاوی ژین و ژینەوەیـــە
ڕەمزێکی قود رەتی خواوەند ی ئەکبـەرە
ئەو چاخە لاچو کڕو ماتـی زاڵ ببـو
ئەو ڕۆ ھەرایە قرمەیە ڕوخانی سەنگەرە
ئەو خول بە سەر چوکە سەرماپشوی بڕی
ھەڵلایە گرمەیە ڕاوی ستـەمگـــەرە
شیتاڵی نواڵە بە دمباوە ھەڵبڕان
کانیلە تۆقی ھەرەس کرد ی خێـزەرە
تەرمی زەوی لە تۆێژی کفنـی بەفـر
ھاتۆتە دەرکە دەڵێی ڕۆژی مەحشەرە
جولاوە دیارە کە ڕوحی وەبەر گـەرا
مرد وێ بو ، ژێـوە مەسیحی لە بن سەرە
گەرمی پلەی کە گەرمکەی دروس دەکـرد
مێر گوڵە دایسێ وەکو ئاورگـی ئازەرە
ڕازاوە کیۆو تروسکەی دەدا لە دور
داوێنی پڕ گوڵە ھەوری لە سەر سـەرە

زێڕی گزینگی فێسە بەتیـلاگـی سەریەوە
تیسماڵێ بەفـری سپـی بۆتە کەمبەرە
ئەستۆی پڕە لە لیزگە گوڵی سوروبنەوش
ملیونکووقاشی لە زێـڕ و لە زەمبــەرە
شیبا محەسڵــە بەیانانە دای بێنـێ
گیا بەند وخاوی بسکیکەئەو سا موعەتتەرە
ڕەنگین کەوانی تاقی کۆلکە زێڕینـــە
ڕازاوە بۆ وی گوزەرگایە، مەعبــــەرە
مافورەکانی چیا کە بونە پـایەنداز
زێوی تواوە حاشیە، تەختیلە مەخمەرە
پیروزە ڕایەڵ و پۆی ،سکڵی سور گوڵی
میلی ئەوەندەوردە وەکو خاڵی دڵبـەرە
دلێك و سەد دڵیشەیدا ڕەکێویدەدەن
بوکی بەهارە شۆخەدڵەستێنوقەشمــەرە
هاژاوە چۆمکەلە دەوری بگێڕێ خــۆی
بەر پێلەقانیداهەچیپێشگیرو لەمپەرە
جنگڵدەدالە چەشنی هوروژانی هەژدیها
مەمنا ئەویش سورێکی ئەوینیلەبن سەرە
قومریش بە توتەك وبولبول بە بالە بان
زاخاودەدەن بە هەمو لا یە حەنجــەرە
سیسرەشبە سازی شـڕی هاتە کایەوە
سیروشبە فیتوکە فیتـی لە ژیر ســەرە

کۆتر بە گمە خوناو کەش بە نارە نار
عەرز و حەوایە دەهێننە لەرزو لەرە
کێوی دەبێ کەویش کە بدرکینی ڕازی دڵ
دەشزانێ خوێندن و خوێنی بەرابەرە
ڕاوچیش چ بێخولا یە گەلی ئاسکی ئەوین
دەیکاتە دەرفەتو نالێ قەلەندەرە
ڕاوچی لە بیری ورگی کە هۆلمانی داکەوێ
داخوازی، ژینی کەوی، پێ ستەمگەرە
ئەو داوە تالی دەواری ڕەشی ستەم
نەقلی دڕێژە ئەوی نەیبێ جەمسەرە
مافێ حەق و ڕەوابی لە قاپی ستەم خرێ
قلپی بکاتەوە خوایە کە داوەرە
هەر وا بەهارێ نەپشکوێنێ ژینی گەل
نێوی بەهارە سورشتی خەزەل وەرە
پیرۆزە ئەو بەهارە کە زیندو دەکاتەوە
توێژێکی مردەلۆخە کە ژین بۆوی بێ بەرە
ژینێ دەڵیم کە بە دینداری بێتە دی
دور بێ لە زۆروفرۆوفیێل و مەسخەرە

مەهاباد ـ خاکەلێوەی ۱۳۵۶

## ١٠ ــ عەدالەتی بە شەرتی چەقۆ!!

وەهام بیستوە لە پێشینانــی خۆمـــان
قەراڵێك بو لە سەر هۆزانـــی ڕومان
ئەوەندە خوێنی ئەو خەڵکەی مژی بــو
چکۆلە و گەورە هەرچی بو دزی بــو
نەکەس هەیبو لە ژینــی‌دا کەل و پەل
نە دەی وێرا کەسێ لای وی بلێ لـــەل
کە وێرابای کەسێ لای وی بکۆخـــێ
بە ئاوری وی دەبو هەر داپلۆخێ
هەتا ڕوژێك وە خڕبون ڕیش سپی و پیــر
بۆ ئەو دەردە بکەونە ڕاو تـــەگبیـــر
کوتیان: ئەو مارزە تاکەی بمــان خــوا
وەرن کاری بکەین مە حزی ڕەزای خوا
بچین بۆ لای بە دەستــی پڕنەبادا
هەمو لامان بە دەستــی خالی ڕادا
بە دیاری و چاکە ڕەنگە بچنــە پێشــێ
شەرم بیگری، لە زۆری دەست وەکێشێ
وەڕی کەوتن گەلێك دیاری بە کۆڵان
هەتا بڕیان هەمو مەیدان و کۆڵان

وه سەر کەوتن لە کۆشکو پـەردە داران

بە ڕو خۆشی وەریان گرت کۆڵ و بارا ن

قەڕاڵ وای دانا ئەو دیاری و معـاشـه

لە خۆشی وەن کە ئەو پاشایە باشـە

لە بەر وەی زەرد ەیەکی خستە سەر لێـو

هەموی هەڵدان بە جێگەو شورەتو نێـو

کوتی گشتو دەزانن ژینـو چۆن بـوه

لە بارەی ئێوە ڕفتـارم چلۆن بـوه

ئەوەی کردومە تا ئێستـا کەرەم بـو

بە خۆرایی بو بۆیە هێندە کەم بـو

بەڵام ئێستاکە شیرینم کەوتە سەر دەم

منیش دوقات ــ هە چی کردومەــ دەیکەم

حەلێك بیستیان هەواڵێکی وەهــا خوش

ئەوەند توتین لە دەستیاندا گەلێك هـوش

سەرو دڵیان لە عەیبەت سارد و سڕ بـو

وەکو ئالقەی چەقو چاویان وە خڕ بـوا ا

کوڕو ماتیـش وەکو بالانی خــەرتــەل

بە سەر وان هەلکشا وەك شەو بەسەرمەل

لە پڕدا ئەو کوڕو ماتیـە شکێــــن را

لە تۆزی خۆف هەمو دڵیان تەکێـن را

یەکیان دم ڕاستی هەموان بو لە ژیری

کوتیان هەستە ئەتو بێژە بە میــری

کە ئەعلا حەزرەتا شاهـا قـەراڵ
هەچێکی تۆ هەڵت داون لە ئـالاَ
هەموی بەیداغی زوڵم و زۆر و زەوتـن
ڕێگەی حوکماتی تۆ زۆر خوار و چەوتـن
بە خاتر گشتی خاس و چاك و پیـرت
لەمەولا ڕێـی عەداڵەت بێنـە بیـرت
تۆ چاویلکەی ڕەحم بەینێ لە چاوکە
ڕیگا و شوێنـی عەداڵەت تو ڕە چاوکە
قەڕال بێ وەی قـەوارەی بەرزی دابێ
بێوەی گنجێك بە نێو چاوانی دابـێ
کوتی زۆر باشە دەگرم ڕێی عەداڵەت
نەبم لای ئێوە ڕو زەرد و خەجاڵـەت
بە مەرجێکی کە( تەفسیری عەداڵەت )
( دەگەل تەوزیحی ناحەق وبەتاڵـەت )
بە خۆم بـێ ، بشکرێتە ئەسڵ و یاسا
( چەقوی لێدەن هەچی‌لەوبێ‌تلاسـا )
بڕیك دل خۆش ، قەڕاڵ هاتۆتە سەر ڕێ
خەریکە هەڵگرێ دەستان لە شـەڕڕی
لەوە زیاتر عەداڵەت بێتـە کـاری
بە قانونـی بکا گشت کار و بـاری!!
کوتی دم ڕاستی فامیدە و بلیمـەت
عـەدڵ بەهرێکـە قەت نایە لە قیمـەت

بەلاّم عەدلێکی ئەو مەرجەی دەگەلّ بێ
عەدالّەت هێندە تاسەنگ و بەدەلّ بێ

عەدالّەت نیە و نە هەر زولمێکە دەکرێ
ئەوە زولمێکە قانون پشتی دەگرێ

زولّم زۆر چاترە لەو عەدلّە وا بێ
بە نێو عەدلّ و هەچی زولّمە لەوا بێ

کەلێك نێو هەن ئەوەند بێ نێو کونێون
بە نێو جوانن بە مەعناش زۆر دزێون

(کەچەلّ زولفالی، قول کافوری نێوە
ئەبول عەینەینی، کوێرێکی دزێوە)

مەهاباد ــ پوشپەڕی ١٣٥٥

تاریخ ثبت: ۸۳/۷/۱۴

## ١ ــ تەوفیــری د یمەن‌وکرد ەوە

هەڵفڕی کەوتە حەوا زەرگەتەیـــەك
نیشتە سەر بۆقەتە ئەستۆی چەتەیـــەك

چزوەکەی هەڵچەقــی ژەهری تێڕشـــت
چزە چز گەستی ،خەشی خۆی پێڕشـــت

چەتە موقرا یـــی بە چاوی دا هـــات
تەشکـــی بەرزی وەکو گۆچان داهـات

ڕاپەڕی دەستـــی حەوا دایــە ملـــی
دەز بە چی کەوتــە دەسی قاچ و قولـــی

گرتی قاچی بە غەزەب تیـّـی بڕی چـاو
تیـّـی خوڕی بێژە چیــە شورەتو نـاو

تو بە دیمەن دەبـێ مێشەنگویـن بـــی
گوڵ نشین کۆکەرەوەی هەنگوین بـــی

کە چی تۆ هەر دەگەڕیـّـی پەیداکـــەی
بۆگەزیـن جـێیـە سەمـی پێـد اکەی

دیمەنـو کردەوەکــەت دژ کــەوتـــون
شکڵەکەت چاوی گەلێکـــی بەستـــون

زەرگەتەش هاتە وڵام: نەقڵــە دەڵێـــن
هەموکەس بێژێ شتێ ئێوە مـــەڵێـــن

ئێوە هەر دەنگی مەکەن پۆلـــی بەشـــەر
لێ مەدەن ئێوە لە کەس تـــۆپ و تەشەر

گەلی هەن دیمەن و ڕەنگیان بەشەرە
جێی هومیدن بۆ گەلێ خێر و بەرە
مەلحەمێکی بخەنە سەر زامان
خۆشی کەن زارێ بە شیرین تامان
سوك بکەن باری گرانی ژینێ
بۆ کەسانێکی نەیان بێ تینێ
جێی هومێدن لە ڕێگای کۆششی زۆر
ڕای بدەن هەرچی هەیە زوڵمەت وزۆر
کەچی نەك نایکەن ئەوانە بەڵکە
دەیکەن هەمو کارێکی زیانی خەڵکە
پێوەدەن دێژی خڕی دوپشکن
کەچی وەختی دەغەڵێ سەد پشکن
لیخنی کەن هەچی ئاوێ ڕون بێ
بیگرن ماسی کە ڕێی لێ ون بێ
سەد کەڕەت ڕوژێ برین پەیدا کەن
لە دڵان مستێکی خوێ پێداکەن
لە ڕێگای سوت و قومار و بەرتیل
هەڵێنن گشتێ لەوان دیق وسیل
سەد کەڕەت ڕۆژێ دزود ەزبر بن
سەد گرانجان و بەهەرزان کڕ بن
ئێستا هەر دێژی ئەمن ئینسانم
(نوع الانواع)ی هەمو جینسانم
دەگەڵ ئەو حالە دەڵێ من بەشەرم
بۆ ئەوەش ـ لەو قسەدا ـ بیگری شەرم

## ١٢ـ بەرەبەیانی ئاوات

هەڵی پێچا سورشت تاوڵی ڕەشی خۆی    کڕوماتی شەوێی خستە تەق و ڕەو
بەبەریا سارەکانی بومەلێڵەش    خزی بڕوا شکستەی لەشکری خەو

---

ڕەشی ڕویشت سپێتی هاتە جێگەی    هیوا ئەنگوت بەسەر چود ڵنیایی
دڵا وایی سورشت وا کەوتە کایە    هەڵات ڕۆژو لە بەر چو قیروسیایی

---

لە جێی لەچکی ڕەشی تازیە، د رەوشا    کڵاوی زێڕی تیلاگی سەری کێو
لەسەیری بەرجە، عالەم هەڵد ەپشکوت    هەچی ئاسۆشەزەرد ەی کەوتەسەرلێو

---

لە پەلکی گوڵ تکا ئەسرینی شەونم    لە خۆشی زێڕوەشانی د ەشت وکێوان
د ەخوێنێ مەل، چنارخۆی ڕاد ەژێنێ    چ ڕازێکە هەمو شەیدا ن وشێوان

---

سریوەی باگەڵای خستونە چرپە    بەئەسپایی کەلەمڕود اوە بد وێن
برێک ڕوانین ومات بون ولە پڕدا    بۆهەستی ڕازی دڵ سەریان لەبن گوێن

---

من وبیریش لەسەرئاسۆی خەیاڵات    تەپۆڵکێکمان لە ڕابرد ولە ژێر پێ
بەکاروانی هیوای دا هاتی ژین دا    د ەڕوانین ود ەڵێین: ئۆ غروبە خێربێ

---

لەڕێی دوورودرێژی ژینی ئێمە        گەلێك شەودێن بەلام ڕۆژیان بەدواوە
دەبێ ئالۆز نەکا بیرمان گرێی دڵ        گرێ پوچکەش کە هەر بینا کراوە

---

چیهامان دیوە ڕو گرژی و عەبوسی        لە نێو چاوانی مامۆستای زەمانە
هەرئەو گنجانە بون با ڕاستی ئێمە        وەدەستی داین هەچی ئەو ڕۆ هەمانە

---

دەڵێن ڕابرد وتاڵەتفتە ئێستاش        لەدا هاتولە بەرچی باسێ ناکەین
هەچی بێ بۆیە بیخەینە ژێر پێ        بەرزمان کاتەوە هەستین هەتا هەین

---

لەڕێچکەی بێ سەری بەرزێتی ئینسان        بەدەرکی مەرگ کاتێ تێپەڕ ئەکرێ
لەپشت ئەودەرکە خێلاتی عەزیزان        لە چیاکانی ئەبەد بەرچاودەخرێ

---

دەڕۆن بۆپێش کەداهاتووەدەست خەن        هەموی دەبزوێ بەرەو ئاواتی ژیانی
هیواهانی دەدا تاکو بەدی کا        ژیانێکی لە دونیای جاویدانی

---

کەسێك ڕێبواری مەڵبەندی ئەبەد بێ        بەرەو دنیای ئەبەد سەرێ خرابێ
چکوسپێکە بوەستینی کەسێکی        بەرەو ژینی ئەبەد بانگی کرابێ

مەهاباد ـــ خاکەلێوەی ۱۳۵۲

# ١٣ـ گرنەی شەیتانی ڕادراو

شەوێك پیاوێك لە خەودا دیتی ئیبلیس
قەوارێكی بڵندو بۆ نەشەو سیس
کوتی: دابێژە با بزانم چلۆنی؟
خەمت چیە وا ئەوەندە گرژ و مۆنی
کوتی شەیتان: مەراقی فەرق و تەوفیر
لە جیاوازی ڕەگەز تا حوکمی تقدیر
کرا فەرقی کوڕانی خاك و ئاگر
لە بانی دو هەوای زۆر گەرم و باگر
ئەمن چم بو کە جێداریان نەدامێ
لە سەرچی بو خودا ئەو دەردی دامی
لە سەر کوڕنوش نەبردن بۆکی وای کرد؟
بۆ ئەم کەس دوایە نافەرمانی خوای کرد
ئەوەش ـ بەرجەـ کوناهبار هەرد ولا بوین
وەکو یەکتر لە ڕێی تاعەت کلا بوین
چ بو جیاوازی یاسا ئاوا ڕابرد
ئەوی بەخشی و منی یەگجاری دەرکرد
ئەوەی بیست کاتێ ئەو پیاوی گەڕاوە
سەری سوڕما لە نێو ئەو چاو وڕاوە

چ باسە حەق بڵێی بوبێتە کایە
کە شەیتانیش بڵێ حەقم لە لایە
بڵێی بازاڕی ناحەق ڕەونەقی بێ
هەتا ئەو جێیە شەیتانیش حەقی بێ
دەڵێی کەس لێی نەقەوماوە وەکو حەق
هەمو دەیکێشنە لای خۆیان بە ناحەق
لە پاشان ڕوی لە شەیتان کرد وپێی گوت
قسێکی ساغ لە جێی پێتی لەت وکوت
ئەتۆ خۆویستی وا بەرچاوی گرتوی
لە گشت کاری چەپاو چێڕ تێگەیشتوی
یەکەم گوا فەرق و جیاوازی ڕەگەز بو
کە بۆ ئەو کارە گەورە بست و گەز بو
ئەوە زانین و شیاوی بو کە زۆر چاک
بوە فەرقی کوڕانی ئاگر و خاک
کوڕی خاکەکەڵێی دێ خاکەوانی
وەها بە ختی بکا ڕۆژ و شەوانی
کە گشت چۆڵێک بکاتە ئاوەدانی
هەمو چاڵیش پڕی کادەغڵ ودانی
کوڕی ئاگر کە جێگەی عاسمانە
زەوی بەو چی کە چۆڵ یا ئاوەدانە
ئەوی وا بەرزە فڕ لوت لەو حەوایە
بەوی چی چاڵ گەنم یا کا لەوایە
دوهەم، فەرقیان گەلێک بو ئادەموتۆ
لە تۆرا داکەوت (یاسای من و تۆ)

گوناهی تۆ لە خۆت ڕا بو بە تۆش بـو
کە وا ئادەم لە ئەمری خوا لە هۆش بـو
ئەوەش هیچ ،ئەو گوناهی کرد بەڵام زو
پەشیمان بۆوە لەو کاری لە دەست چـو
ددانی نا بەوەی تـاوانـی کـردوە
کوتـی تۆ بە لەوەش وا ڕانەبـردوە
خوداش بەخشی هەتا ڕێی چاکە بگرێ
ڕێگەی خوا بەرنەدا تا ڕۆژێ دەمـرێ
ئەتۆش وەك وی گوناهت کرد کە چی تۆ
نە هەر تۆبەت نەکرد خواری وکە چی تۆ
وەها بیری ئەتۆی کرد بو لەت و کوت
لە باتی تۆ بە دەت ڕاواند و دەتکـوت
گوناهم کرد و چاکـم کـرد و حەقمـە
تەفی دوایش جەهەننەم ئەوڕۆ چـەقمە
نە هەر خۆم هەر کەسێکـی پێـی بوێرم
بۆ نێو قوڵکەی گوناهی هەڵدەدێـرم
دەجا تۆ خۆت و ئینسافێ کە نیتـە
چەها فەرقیان هەیە ئەودوانە دیتـە؟
نە هەر تۆ بەڵکە ئینسانیش کە وا بـێ
گوناهکارێکی هێندلاسار و لا بـێ
نە هەر تەنیا پەشیمانـی نەکێشـێ
بەرە و تاوان کەسانـی دیش بکێشـێ
وەکو تۆ ڕایدەدەن بە خشینـی نابێ
هەزار داوێنی ڕەحمەت ڕا خـرابـێ

## ١٤ــ ڕەنگەی پیاوێکی بەخیل

پیاوێك بو ئەمین و پاك و خاوێـــن    خاوێن بە دڵ وبەد ەست ود اوێـن
بەد بینۆ هەبو ، بە خیلی پێ بـرد    لویەك بو ، بە خیلی بەود ەریکـــرد
بەربینگــی پێگرت وکەوتە  باســان    بیستومە لە قۆیتەس و هەباســـا ن
بەو زیکرە د ەبزوێنی  کە لیــوان    د ێژن : بە سەبرد ەد ەی جنیـــوا ن
ئەو سا کە  کوڕ ومات و حەزینـــی    د ێژن : تۆ لە بیری د ەس بڕینـــی
ئەو کا تە د ەکەی با سی خودا ود ین    ئەوهەی لە دڵت د ا یەشتی د یــن
گشت خزمەتی  تۆ بە د ین‌وئا یـــن    د ێژن : هەمو بۆ فریـــوی  خەڵکیـن
ئەو پیا وە کە د یتی ئەو بە خیلـــە    مێشەو وزە وززی  بۆتـــە  پیلـــــە
ها ڕاند ی بە سەریا وکوتی :  هـــۆ    گوێت بگرە بڵێم : بە خیلی وەك تـۆ
مێشێکە بە وززە  وزز و قینـــــۆ    جێ‌یەك  د ەگەڕێ  برینێ  بینـــێ
لێ‌نیشێ کە هەڵ بڕێژی  ژارێ    زا هیر ببێ تینەتـــی  بـــە جـــا رێ
د اخت لە د ڵی‌کە ساغ و پاکـــم    خاوەن د ڵ‌ود ەستی پاك و چاکـم
هیچم زد ە نیە لە کارو ئیشـــــێ    تا مێشی  وەکو  تۆ لێی  بنیشــــێ
نەم کرد وە لە خەڵکــی زۆروزەیفـی    قەت نەم بو لە ئیشێ نوختە زە عفی
ئەی مێشە هەڵــێ لیـــرە و تا ربـــە    یا  د اکەوە  بێد ەنـــگ و سەتا ر بـــە

شێخاڵی ــ .ەرماوەزی ١٣٣٧

## ١٥ـ هاواری ئەیندارى

تا کەی ئەو جەور و جەفایەت ، ڕو بە ڕوی مانی منە
هەرچی هاوار و بڕۆتە ، هەر لە سەرژیانی منە
ئەو دەمی غونچەت ئەپشکوت ئەو هەموو گوڕاهەوا
جاری سارد و جاری گەرمە لەو هەناسانی منە
بەو دەمی چوکە و بە چاوی گەورە بردت گیانەکەم
چیە وە خۆ کەوتن بە گەورە و چوکە لەو گیانی منە
زولفەکەت ئالۆزە ڕەنگە سوسەیەکی کرد بێ ؟
والە سەرما ، سوێی ئەوینێکی کە هۆی ژیانی منە
دو سەفی ئەبرۆت مژۆڵی بۆ لە خۆی کۆ کردەوە
کەینی نێو میحرابی ئەبرۆت سوێندە بۆمانی منە
خرمە خرمی بازنەکانت وەك زڕەی زنجیری دیل
واتە زو دێنێ بە دڵ ئاژیری تاسانی منە
ئەو دڵەی وەك ئاسنت پڕژاندی ئاوری کوڵمەکەت
بەرقی ئەگریجەت سوتاندی هەرچی سامانی منە
من سوپێکم بو دەگەڵ تۆ بۆ وڵا میان دامەوە
ئاسنو و ئاور ؟ دەزانم مەیلو چڕژانی منە
دڵ دەلەرزێنی بە تۆقێکی لە ئەستۆت کردوە
چاڵی بن تۆیی چەنەی تۆ ڕەمزی زیندانی منە

وەك لەرەی گوارەی هەڵاوەسراوی بەژنی عەرعەرت
بیری سێ دارێکە دیارە بۆ لە داردانی منــــە

خستە سەر کوڵمەت پنوکێك خوێنی سوری زامەکەم
گەردنی کێلی بڵندت بۆ لــە گۆڕنانــــی منــــە

چاوەکەت مەستە لە خۆی دا شیری ئەبرۆشی لەپشت
کوانی لەو مەستو عزوریە گوێــی لە هاژانــی منــە

جا مەگین تو ڕاسپێرم تا لە ڕێی خوا پێی بڵێـــی
گشت ئەوانەی دڵ دەلەرزێنـــن بۆ هاندانی منە

ژینی بێ ئاوات کە مەرگە بۆ بە ژینـــی دابنێـم
مەرگـی ڕێـی ئاواتەکەم چاتر لە سەد ژیانی منە

مەریوان ــ خاکەلێوەی ۱۳۳۰

## ١٦ ــ كێ گێرەی لە هەولێری دەگەڕێ ؟

خوێندەوارێکــی زۆر سەردەرنەچــــو
هــەر کــەســی دەدی بە هەڵە دەچو

لە دوای بزەیەك لێوی خۆی دەگەســـت
ئەوجار لەو حاڵە هەڵی دێنا دەســـت

دەیکوت ئەو خەڵکە بۆ بە سەر دەچــن
لە وەختی باسان بووا تێکدەچــن

لە وتە و کردار تۆبە هەڵــە چــی
عەقڵت لە کوێیە وژیری یانــی چــی؟

زۆر جار کرد بـوی ئەو قیـل وقاوە
بۆی چو بوە سەرێ ئــەو چـاو وڕاوە

هەتا رۆژێکی لاوێ ژیر و مــەنــد
داوی بۆ ناوە وهاویشتیــە کــەمەنــد

کوتی وا دیارە لە خــۆت ڕازی بــی
لە بیری خەڵکیش زۆر نــاڕازی بــی

جا هەر بۆ ئەوەی هۆشت دەرکــەوێ
ئێستا کە، لە تۆیی بــەڕێـــزم دەوێ

کە بۆ ئەو پەندە بیرگــەت بگــەڕێ
((کابرا لە هەولێر گێرەی دەگــەڕێ))

ئەو کابرا کێ یەو گێرە یانی چی؟
لە خوام گەرەکە بە هەڵە نەچی
خوێندەوار بۆ وەی وا ئامادە بێ
جوابی پرسیاری لی هەڵە نەبێ
مۆدنەی هێنا دەرسیغاری تێ خست
چاویلکەکەشی وەسەر چاوی خست
لە نەکاو کوتی بە خوا بەسەر چوم
لە خەتی بیرم یەگجاری دەرچوم
خۆمن دەم هەویست بە چاویلکەکەم
سیغارم هەڵکەم کە چی دەسودەم
شەمچەم دەرهێنا و لە چا وم کردوە
هەر چا بو زانیم کە لێم تێکچوە
لا وەکە کوتی زانیم ـ لێی گەڕێ
کێیە لە هەولێر گێرەی دەگەڕێ
ئەتۆ و ئی وەك تۆی بە چاو ڕاوون
بە وتار گشتن بە کردار خاون
خەڵك لە شتێکی گەر بە هەڵەچی
ئێوە نەك شتێك خۆ و لێ تێکدەچێ
وا لە خۆ دەگەن کە زانا و ژیرن
یەگجار بە زەین و بە هۆش و بیرن
کە چی بیرگەیان وەك کۆنە ڕەشکە
تێی دا نامێنی لە ڕێشکە و پێشکە
فکریان لە جێیەك، بۆ خۆشیان لێرە
گیرەیەکیشیان وا لە هەولێرە

# ١٧ــ هەنگامەی بەهــار

سپی‌پۆشی زەوی چون ڕاچە نیــوە    خەوی دورو دریژی لێ ڕەویــوە
لە لایەك بای شەماڵ هاتوەبەسەریا    کراسی خەوتنــی لێ دادڕپــوە
لەلایەکی (جەمرە) دو پۆلوی سورشتی    دڵ وجەرگی چلانی لــێ بڕپــوە
زەوی هەستا لە خەو تاکو لە بەرکــا    هەچی بۆ خەو لە بەرخۆیدا ڕنیوە
کراسی مەخمەری سەوزی لە زۆرجــێ    دەسی قودرەت گوڵانی لێ چنیــوە
گوڵی سەرقوڵ وباسك وشانەکانــی    لە ڕازی جوانــی کەوتونە زریــوە
زریوەی ئەو گوڵانەی بونە هاوقــوڵ    کە ئەستێرەی حەوای خستە جریــوە
زروقەی گنج و چین و کەمبــەرەی‌وی    دەڵێــی یاقوت وزێڕیان تێوەریــوە
زەوی ڕازاوە جوانی‌خۆی‌وەدەرخست    لە خۆشی ویش جیهان کەوتە قریــوە
لەگوڕەی هەورو چە غماغەوتریشقــــە    دەڵێی بۆمبا لە شادیدا تەقیــــوە
حەوادەرژێنی فرمێسکان لە شادی    کەتەرزەی‌دی‌بە حوت پێ‌هەڵپەڕیــوە
وەدەنگ هاتن‌لەهۆهۆی‌کاکی‌جوتیار    دەرودەشتوهەچی‌وادۆڵ‌وشیــــوە
لە خرمە خرمی‌پاچ وپێمەرە   وداس    دەڵێی ئورد ولە دەشتان دابەزیــوە
لە فیتوی‌سێروکەو قاقای کە کێشــا    لە گەڵ زریان شەماڵ کەوتە سریــوە
هەمو کانیلە دڵ پڕبون وەکــومــن    کوڵی دڵیان بە چاویاندا جمیــوە
ئەتوچاوسورەگوڵ‌ئەوشوخی‌دڵــڕەق    بەگریانــی‌حەوا چۆن پێکەنیــــوە
ملی‌بەرداوە بۆ بیرێ وەنــەوشــە    (( هیوایە ناهومێدی هەڵچنیوە)) ،
شەماڵ چی بوبەگوێی بیدا دەسریانــد    سەری‌بوسوژدە   تا عەرزێ نەویــوە

بەدەستو پێ چنار کەوتە سەمایە  چ باسێکە بە گوێی ویدا چپیوە
لە شوکرانەی بەهارە کۆڕی داران  سەریان بۆسوژدەتاعەرزێ چمیوە
هەمو سوژدەی شوکربوئەوخودایەی  کەخەملاندی هەموئەودەشت وشیوە
ئەوەن هەستی سورشتی کشتی چینێ  خولێکیان گەرلە سەرد نیایە دیوە
کە چی زۆریك لە ئینسانانی غافل  لە تاوی ژین دڵی هێندە تەزیوە
لەنیوئەوگاڵوبو غری شوکروشادی  دەڵیێ دوگوێی بە لۆکە ئاخنیوە
کەدەش هێتە قسان بەوچاووراوەی  هەموگیاندا روبێ گیان لەو بەزیوە
دەڵێ من سەروەری هەرچی وجودم  حەواش!هاوتا یەکی بۆ من نەدیوە

بۆکان ـ خاکەلێوەی ۱۳۴۹

# ١٨ـ چاکەی بێ جێ!

( چاکەهەرچاکە) ،قسێکی هەڵەیە  ( ئەتوقەت چاکەمەکە) شەر پەڵەیە
کەس نەبو بێژی کەئەو چەشنە قسە  کێ کوتونی ،ئەوە بۆ بیرنە قسە
چاکەزۆرچاکە بە مەرجێ بکرێ  دەگەڵ ئەوکەسە جێی خۆی بگرێ
چاکەیە بکرێ دەگەڵ نامەردان  وەك خراپێکە دەگەڵ هاودەردان
نەقڵە : دێیەك بو لە بەر پاڵێکی  خڕی کرد بونەوە چەند ماڵێکی
ساردی پاییزێ کەچون دەست وپەلان  گرتبوی تۆیژێ زوقم دەشت و تەلان
زوقم پێشەنگی سوپای توخمی سپی  لەگەڵی جێگەی رەش دادەسەپێ
لەو حەلە کەوتە چیاوەرزێرێك  جوتی دابەست لەپەنای ئەستێرێك
لە خەتی جوتی لە پڕدا دیتی  قوڵە مارێکی زەلامی چیتی
وابە سەرمایە کەسیرە و سڕ بوە  تینی لێ بڕاوە لە جێی خۆی کڕ بوە
والە حاڵێکی بەزەی پێ دەبرێ  بێتو فریای نەکەون زو دەمرێ
بەزەیی خستە دڵی ئەو پیاوە  کوتی بیچارەیە لێی قەوماوە
دەسی برد ولە سەری هێنا خوار  سەرکلاوێکی خوری لێچك دار
ماری تیبەستو لە توربینی خست  رۆژ دەرەنگانێ پەکی جوتی خست
هاتەوە ماڵ و گەیشتە ژورێ  مارەکەی دانا لە گوێی تەندورێ
کورسیەکەی دانا کەبانوی ماڵێ  خاو خێزانی لە دەورەی هاڵێ
مارەکە بوژاوە جزوی دەرکێشا  بۆ هەمو لایەکی خۆی ڕاکێشا
قاچ وقولهەرچی کەلەو نێوەی دان  چزە چزگشتی گەزی پێوەی دان

وەی وەیو دەنگی شەپۆڕ ونالــــە گەییە ئاسمانێ لە سەر ئەو مـــالّــە
گاڵوبو غریێکو خەڵـــك هەڵدەڕژان پیرو لاو گشتی بە سەردا چـــڕژان
چیە ئەو ماڵە لە بەرچیدەگریـــن هەڵمەتی دوژمنە پێشـــی دەگـــریـــن
خەڵکی کاتێکـــی ڕژانە نێو مــاڵ تێگەیشتن لە هەمـــو حاڵ وبـــاڵ
خاوخێزانی هـــەژاری وەرزێـــر بونە قوربانـــی بەزە ورەحمـــی کوێـــر
بەزەیی و ڕەحمی کە نابینا بـــێ دوژمن ودۆستی پێ وەك یەك وابێ
هەر بینادیتی لە چاڵێ کەوتـــوە هەرچیبویەتی لەدەستی دەرچـــوە

مەهاباد ــ سەرماوەزی ١٣٥٦

---

## ١٩ ــ زۆربڵـــەیـــەك !

ئەفلاتون سۆزیلەماڵ دەرکـــەوت ڕێی ئەکادیمیودەرسیبەرکـــــەوت
پالاوتی وبڕی ئەوڕیەیدایگـرت پیاوێ زۆربڵـــە لە پردا ڕایگـــرت
کابراهێندیپرست لە چـــاوڕاوان ئەوەندەی هەڵ خوێند بەخۆییوباوان
هەتائەفلاتون کەوتە پێکـــەنیـــن کەوکات و ساتە بۆ وەی جێگەنیـــــن
زوربلە کوتی ئەی خاوەن هۆشـــە ئەوباسەت دیارە یەگجاڕێخوشـــە !
ئەفلاتون کوتینە خیر، سورمـــاوم ئەوەم پێ سەیرە بۆ ڕاوەستــــاوم
دولاقم هەیەودەش توانم هەڵیم، بۆنامە چنگ تۆ خۆم وهەردوگوێم !!

مەهاباد ڕیبەندانی ١٣٥٧

لەساڵی ١٣٣١ کوچی هەتاوی ماڵمان لە بوکان بو، وە خۆم بە فەقێیەتی لە ئاوایی بالکی مەریوان بوم، وە ماوەیەکی زۆر بو لەو شارە دور کەتبومەوە، وە زۆر جاران لە دیتنی زریبار و قەڵای مەریوان، بیری حەوزە گەورەی بۆکان و قەڵای سەردار لە دڵمدا زیند و دەبۆوە، وە هانی دەدام کە بەرە ونیشتمان وەڵبەندی ژیانی کەس و کارەکەم بگەڕێمەوە بەڵام فەقێیەتی دەست و پێی بەستبوم وە ناچار لە یەك دو ڕوژی هەینیدا ئەم قەسیدەم نوسی و وە بڵێسەی دەرونی خۆم تا ڕادەیەکی پێ دامرکاند. مەبەست ئەوەیە ئەو قەسیدە لە تافی کرچ و کاڵی وە تەمەنی نوزدە سالیدا کوتراوە.

## ٢٠ ـ وێنەی شاری بۆکان

شەماڵ هەستە مەویستە ڕامەمێنە … بڕۆ لەو شارە وێنێکی بهێنە
گوڵی دڵ دێتە پشکوتن بەسروەی … دیارێکی ئەمین ودڵ ڕفێنە
نیە زاڵەی ستەم ناڵەی نە خۆشی … کە پشتی گرتوە ((ناڵەشکێنە))
دەڵێی سەرهەڵقەنەی دەرد وخەمانە … لە فەسڵی گوڵ کە داوێنی بە خوێنە
نە خێر دایکەولە گوڵ داوێنی پڕ کرد … لە بۆگەنجی کوڕ و کیژی خەزێنە
ئەگەر بۆکانی جوانی لێت بپرسن … بڵێ بۆکان لە جواب دادامەمێنە
نۆ بوکی شارەکانی کوردەواری … لە ئاوێنەی زەماندا خۆ نوێنە
شەماڵ ئاوارەیی دەشت وچیاکەی … دەڵێی لەیلێ ونەلەو هەرد وشوێنە
لە تاو ئاسکی سڵی نێو کوچەکانی … هەچی ئاسکی چیایە سەربەکوێنە
لەشۆخی قەشمەرەن ڕاوچی دڵانن … بە ئاوڕێکی یەکیان سەد دڵ ڕفێنە
چنارانی بە بیانوی هاتنی با … دەبەن بۆ ڕو دەمیان گۆیا کەلێنە
ڕقیبیان دی ملیان ناوە بەلاوە … کە کوێری کەن لە ئەم سیررەنهێنە

گڵی میسکە عەبیرە پوشی ویشکی　　گیاش بۆ ڕوی گوڵانی باوەشێنە
لە ئاونگی گوڵی دەرمانی چاوە　　گەڵاش مەلحەمپەلیش قەترە چەکێنە
هەیە حەوزێک لەمحاستی نێوەڕاستی　　لەدڵ حەسرەت لەلەش عیللەت پەڕێنە
لە بەر ئەو چاوە جوانەی شاری بۆکان　　لە چاوی ئێمەدا بۆتە گلێنە
لە ترسی چاوەزارە پێی دەڵێن حەوز　　دەنا بەحرە وشەتی چۆمی خوڕێنە
کە دو جۆگەی دەبەخشێ دوڕوئەلماس　　دەڵێی دو دەستی حاتەم هاتە وێنە
گوڵن شین بون لەدەورەی کێژەکانی　　لەدڵ گیری هەموی باز و شەهێنە
خڕەی خشڵ وخورەی ئاوزڕەی جام　　چ موسیقیکی نەرم و دڵ بزوێنە
دڵی پێکراوی برژانگیان دەچۆقێ　　بە ئاوری کوڵمە زولفیان باوەشێنە
لەڕەمزی (تۆڵەکە) ی تۆقیوە دوژمن　　کە ئەو شارە لە تۆ تۆڵەستێنە
نیشانی دوژمنی دا (بەردەزەردی)　　کلۆکەی، جوابی، بەردی سەرشکێنە
دەڵێی گورا لە ئازادی کوڕی وی　　لە نێو هەر ڕاپەڕینێکدا هەوێنە
بە سام و هەیبەتی ڕۆڵەی عەزیزی　　وەکو تیغی دەبانی سەرخەزێنە
دەپارێزن وڵات تا دوا هەناسە　　شەهیدی بۆ کوڕانی ڕێ و شوێنە
بە مردن بێتە دەست گەرسەربڵندی　　ژیان بێ بایەخەو زۆر بێ ڕمێنە
مەگەر (سەردار) نەچوە سەرداری ئیعدام　　کە دوژمن پێی دەکوت سەردانەوێنە
(قەڵا) ی چۆڵکرد هەتاکو بێتە بیرگەی　　کوڕانێکی کە دڵیان پڕ لە خوێنە
کوڵی دڵ هەڵڕژێنە (حەوزە گەورە)　　تەمی تازیەی لە سەر تەمەی ڕەوێنە
قەڵاکەی تۆش (مەریوان! پالی وێدا)　　کوڕانت وا لە مەردی بونە وێنە
هەتا ڕوخا و خرانە قەسری قاجار　　لە سەر کاولی، بەکوند کوترا بخوێنە
زرێبار اگۆمی فرمێسکی هەژاران　　بهاژێ تۆش کوڵی دڵ هەڵڕژێنە
بە (دەرویش) بێژەدەی جارێکی دیکەش　　دەسی توک ونەزاکەی خۆت هەڵێنە
بڵێ خوایە بە خاتر خوایەتی خۆت　　حەقی بێ زۆر لە زۆرداران بسێنە

## ٢١ــ کۆشکی خات زارایە

ئەی دڵ وەرە هەڵ کەوە لە ساتێ
دێوەزمەیە عەمبازی پەری بێ:
شێرەژنی کورد بو، ناوی ( زارا )
ئەستێرەیە بو گەش و تروسکاو
نا، مانگ بو هەڵاتبو لە عەرزی
جا هێندی کە جوان‌ودڵگوشا بو
پاییزی دەهات و ڕەسمو دابی
پیاوێک کە بە نۆکەری لە ماڵێ
نان ونمەکێکی زۆری کرد بون
چاوم کە بە نانی وانە، پشکوت
ئەو پیاوە بە نێوی وەی ئەمینە
ئەسپێرد را بەو ئەمینە زارا
ئەو پیاوە بەڵەد بو کەوتە پێشێ
زارا دەگەڵ ئەو پیاوە لە ڕێدان
ئەو ڕێچکەیە دیارە کوێرە ڕێیە
ئاها! ئەوە ڕێچکەیە و سواوە
ئاها! ئەوە ئەو زەلامە سپڵە
وادیارە دڵی کە دافەتاوە

تۆماری ڕودانی کارەساتێ
بێ وەی کە پەڕی پەری وەریبێ
نێو بانگی بە جوانی کەوتە زارا
گشت دڵ بو، بە دیتنی بڕوسکاو
هەر گیانێ لە تاوی، هەڵدەلەرزی
سەد هێندە بە ناموس و حەیا بو
بێ‌نێرنەوە ( زارا ) ماڵە بابی
بڕ بویە سەرێ دەیان ساڵێ
لای خەڵکی بە چاکە نێوی برد بون
چاکیەتی ئەوانە، نیم ڕەش و ڕوت
حەق ناسو بە شەرم و چاکە بینە
ئۆغرت بێ بە خێر چی کەوتە زارا
خێسە و سڵەیی لە گورگە مێشێ
لا پاڵێ کە دیارە پاڵی ڕێدان
ئەو ڕێیە بە ڕاستی سەر لە کوێیە
گورگێکە مەڕێکی ها بە دواوە
ئەنقەستە کە ڕێی کردوە هەتڵە
ویژدانی بە جارێ داوەشاوە

کرپە و گڕی ئەو دەروونی پیسی — سوتاندویەتی کوریەس و ژیسی
نان ونمەك و حەق و بەێ زانین — نامەردی کە هاتە پێشێ، هیچ نیین
تاریك بو هەوا کە شەو گەیشتێ — هیچ قاوو هەرا نەما لە دەشتێ
زارا کە لەوێ قەلەندەرێ بو — ئەشکەوتێکی چۆل لەوێندەرێ بو
خۆی خستە دڵی هەتا وەکو مەرد — داوێنی بپارێزی لە نامەرد
گرتی بە دەسی چەقۆ بڕێژێ — خوێنی چەپەلی شتێکی بێژێ
خاین کە ئەوەندە هەڵ دێرا بو — خۆکوشتنی خۆی وەلایە نابو
هێرشێکی بە تاوی برد ئەشکەوت — ناگاکە چەقۆیە، لێی وەکارکەوت
ئاورێکی بڵند گڕی، جینایەت — کردویەتەوە، دەسی خەیانەت
لایەك چەپەڵی و چەوێڵ و پەستی — لای دیش شەرەف و خودا پەرستی
دێوەزمە لە گڕ فریشتە ڕاچو — دەی کێیە ئەوەی کە وا تیاچو
دێوەزمە کە سپڵە بو نەدەسرەوت — خاتونی حەیا پەری بو سەرکەوت
تیغێکی لێدا وەها کە لەرزی — وەك قەزنە فەرێکی کەوتە عەرزی
بەربا بو خەیاڵی شین وسەوزی — نامەردە لە خوێنی خۆی دەگەوزی
ئەی شاد بی شێرە ژن چ مەردی — خاتونی حەیا و ژنێکی کوردی
مەلەکەی عیففەتو شەرمی بۆیە — کوشکێك کە هەبی بە حەق ئی تۆیە
کۆ دی لە جیهانکەکەشکەلانی — سەر بسوێ وەها لە ئاسمانێ
(شیرین) بڕۆ ناشیرنی لەبەرچاو — (زارا) بێکە پێ دانی لە سەرچاو
لەیلیچ بو؟ قەیسی شێت وپیر کرد — (زارا) بو هەزار شێتی ژیر کرد
عەزرا چ بو؟ وا میقی پڕوکاند — (زارا) ڕەچەڵەی چەوێڵی سوتاند
فەرهادە ابە نێوی تۆشە کوشکێ — بۆچی بو؟ چ سەرکەوی چ تێشکێ
نێوێك بو ئەوین کە خۆت ترا شیت — شیرنیش کوتی ئافەرین چ با شیت
پیاوێك وژنی، دڵیان لە یەك چو — کوا ئەو هەمو بەیتەیەی گەرەك بو؟

کۆشك ئەوەیە لە نێو جیهانـــدا ڕەمزی شەرەف و حەیانیشانـــدا

ئەی دڵ وەرە لێرە ڕابوەستـــە ئەو کۆشکە چ بەرز و پڕ لە هەستـــە

دوملانی بڵندی کێوی میرقـاز کێوی تەرەغەی بڵندی هـــاوڕاز

تو بێژە کە هەروا ڕابوەستـن پشتێنی بۆ ڕێزی وی ببەستـن

تو بێژە بە هەژدیهایە داشـی تۆخوایە، ئەتۆی لە بەردی تاشـی

پاپۆکە بخۆوە تۆ هەتا هـــەی لەمدەورو بەرە نەکـــەی بەری دەی

تو بێژە بە چاکی کۆڕە گێـــوژە ئەو چاکی کە گێـــوژی بۆ مە مێـــوژە

هاوارێ دەگەڵ مەلا بەدینـێ ئەی خوا لە حەوا لە ســـەر زەمینـــێ

ڕاگیری کەی ئەو کۆشکە خودایـە ڕەمزی شەرەف و فـەڕ و حـەیـایـە

حەمامیان ـــ خەزەڵوەری ١٣٣٢

## ٢٢ـ چاوساغی کوێرا

کوێرێك دەگریا هاوار، خەڵکینە
ئەوەی من تێیدام ژانە، نە ژینە

کوتم لەو خەمە هەر خۆت ببوێرە
سەد کەسی دیکەش وەکو تۆ کوێرە

نالاندی و کوتی دەردی من جوێیە
ژانی دڵی من بە تاووتوێیە

هەر لە من گەڕێ قورسە داخەکەم
((نابینا وکوێرە، من چاوساغەکەم))!!

نێوی چاو ساغە وەدوی دەکەوم
لە پڕ قوڵکەیە و من تێی دەکەوم

لەبەرد هەڵدەنگوم لەدیوار دەدرێم
لە چۆڵ ون دەبم لە چاڵێ دەخرێم

لە هێندە کەوتوم هێندم وی کەتوە
ئازای بەدەنم لەت وکوت بوە

کوتم جا وابێ بەوەی چا نابێ
دەیان ساڵ بگری و زاڵمت پەیدابێ

چارەت ئەوەیە کۆششێ بکەی
یەکێکی چاوساغ وەپێش خۆت بخەی

هەرچین وتۆژێك کوێرچاوساغی بێ
نابێ بە هیوای خۆشی وساغی بێ

کوێری یەك چاویش مەخەنە پێشێ
بۆلای تاسەنگی هەڵو دەکێشێ

چ چەپەوچ ڕاست هەرکامیان کوێربێ
وەك خوراکێکە بێ خۆی یا سوێر بێ

پێشەنگی زاناو شیاو ئەوەیە
نە تەنیا کوێر نیە دوچاوی هەیە

بە چاوێك دنیا بەوی دیکەی دین
وایان دەبینی لە یەکتر جوێ نین

هەر وەکو ئینسان خۆشی دو بەشە
یەك گیانی نێوە ئەوی دی لەشە

بەدەن ودنیات زۆر بەرە پێشێ
بەو مەرجە بۆلای بەدیت نەکێشێ

ڕوح و ئاخیرەت لە هەموان سەرخە
ساغی دو چاوان لەو ڕێیە دەرخە

یەك چاوچەپە وراست هەرچی بێ کوێرە
نێوی چاو ساغە خۆی لە ببوێرە

مەهاباد ــ ڕەزبەری ١٣٥٥

## ٢٤ ــ چەڕە چەمانی سیغار

فەقێیەك مەند و بەشکڵ و دیمەن　　کتێبی هەڵگرت چو بەرە وچیمەن

دیتی کۆمەڵێك سادە و بێ مەکو　　لێکتر هاڵاون وەك ئەستێرەی کۆ

لە حاست یەکتری دڵیان سپی و سۆڵ　　خەمی یەکتری هەڵدەگرن بە کۆڵ

خەریکن خەمیان ــ ئەگەر چی کەمە　　ئەو کەمە خەمەش لا بەن بەگەمە

فەقێش لە جێیەك نە نزیك نە دور　　دانیشت ، لە هەمو خەیاڵان بەدور

کتێبی ڕۆناو دەوری کردەوە　　ئەو (زەمیرانە بۆ کوێ دەچنەوە ؟ )

ئەفعالی ناقیس ( ئەی ئەلێ بابە )　　ئەگەر تەواو بون خەبەریان لابە

(ئەی ئەلێ بابە) ئەو فیعلە کوانێ　　فاعیلی ، بۆ کەس دەبێ نەزانێ

(عەمر) مەعلومە کە لێی دراوە　　بەڵام چون لە جێی (زاریب ) خزاوە

کەس نیە بزانێ کە کێ لێیداوە　　تەنیا (عەمر) یش نیە کە لێی قەوماوە

زۆرن ئەوانەی کە لێیان دەدرێ　　ئەوی لێدەدا ئەو نێوی نابرێ

سێ حەرفی قەسەم گشت حەرفی جەڕن　　زۆرتر لە بازار بۆ ئەخز و جەڕن

(لَیْتَ ولَعَلَّ ) ش بۆ موجەڕەدان　　خەبەر دەتاشن لە دار و بەردان

(حەرفی عاتیفەش ) کاریکی کراو　　ئەو بە نێوی خۆی دەیخاتە بەرچاو

(پەیوەندی سیلە) گەر لابراوە　　پەیوەندی دیکەی لە جێ خراوە

فەقێ سەر سوڕماو ، لەو ئالوگۆڕە　　لە پڕدا بیستی لە لای ئەو کۆڕە

چەند تفەیەك و ئاگر بەدواوە　　چەڕە دوکەڵیان لە سەر هەستاوە

چەرە چەمانێ ڕەش و بوغزاوی　　داغدار بێ دڵیو ئاگر لە ناوی

ئاوری بزیسکان وەك مارانی سور
قوشقی بو فەقێ و زۆر توکەسەر بو
خۆیان یەکتریان یەگجار خۆش دەوێ
(عەمر) جەهەننەم کە کێ لێیداوە
ئەو حاڵە (عەمر)ی لە بیر بردەوە
دی، چ ببینی ئاوریان تێ بەر بوە
هەرچی هەیانە تێکڕا دەسوتێ
دوکەڵ بە باقە لە کونە تفنگیان
هەڵدەستێ وها واردەکا گوێم دەنێ
بەرهەمیان سوتوە ئاخ هەڵدەکێشن
قتوێکی سیغار، هەر سیغاریکی
نامەإ هێند هەڵی تۆلە بەرسیغار
دیق وسەرەتان نە خۆشی دڵان
تەبیبان دەڵێن: ئەو نەخۆشیانە

رادە خوشن، خەتەر دەنوینن لەدور
ئەو کوڕە بۆچی ئاوری تێبەربو
غەوارەش ڕێگای نەکەوتوتە وێ
ئەو کوڕە بەچی و بۆچی سوتاوە
کتێبی لێکنا و هاتە بەرەوە
ئاور بە ماڵ و بەدەنیان وەر بوە
گاوریش دلی بەوان دەسوتێ
لە گەر و زار و بەرۆك و سینگیان
ئەو کوڕە قڕ بون گەر نەیان گەنێ
ساغیان بەرداوە و سیغار دەکێشن
بۆ تابوتی وان، وەك بزمارێکی
نەت گرێتەوە حەتتا بەسی غار
برینی گەدە و زامی ڕیخۆلان
زۆرتر لە سۆنگەی سیغارکێشانە

مەهاباد ـ خرمانانی ١٣٦١

قیمت : ۶۰۰ ریال